


# تورکمان دوو کەسایەتی گرنگی لە دەستدا




تەبا
Tba
لەگەڵ ئێوە بۆ ئێوە
ژمارە:٧٠ | ١٥ی ئازار ٢٠٢١ | تیراژ:٢٠٠٠ | دینار:٥٠٠



کونسوڵی گشتی کۆماری تورکیا لە موسڵ:

## وڵاتەکەمان هاوکارە لە دووبارە بنیاتنانەوەی موسڵ



٢

٣



سەرۆکی ناوەندی هەڵبژاردنی بەرەی تورکمانی عێراقی:

## ١٣٧ هەزار کارتی دەنگدان لە سەرانسەری کەرکوک لە بنکەکانی دەنگدان ماونەتەوە









٢



## لە ٨ی مارس دا خانمانی تورکمان بەجلی نەتەوەیی خۆیان گوڵی سپییان بەسەر خەڵکدا دابەش کرد

## لە بەرنامەی تایبەت لەگەڵ بەڕێوبەری تەندروستی هەولێر(ئەربیل) دواین دۆخی کۆرۆنا تاوتووێ کرا


پنار چەلەبی پێشکەشکاری ئاژانسی تەبا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ د. دلۆڤان محەمەد بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر(ئەربیل)





ئەنجامدا، دواین دۆخی کۆرۆنا و کرانەوەی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە چاودێری چر لە هەولێر تاوتووێ کرا.

٧






## فرۆشیارە گەرۆکەکانی شاری هەولێر(ئەربیل) لە رابردوودا

٩

٨



## مام جەلیل... چەخماخچییەتی ئاسوودەی کردووم..!

٦





**دکتۆر حازم بورهان نەجار:** هەموو ساڵێك ٢٠-٢٥ کورسی کۆتایی خوێندن بۆ زانکۆ و ماستەر دەبەخشین

**مەلا حوسامەددین:** شێخی چۆلی جێپەنجەی لە ژیانی هەموماندا هەیە. کاریگەری رۆحییشی تا ئێستا بەردەوامە


www.tbajansi.com/ku
+964 750 261 10 11 | +964 750 261 10 11 | facebook.com/tebakurdi | twitter.com/tebakurdi

# کونسوڵی گشتی کۆماری تورکیا لە موسڵ:
# وڵاتەکەمان هاوکارە لە دووبارە بنیاتنانەوەی موسڵ

هەواڵ: عەلی عەنتەر/ فۆتۆ: چۆبان تیمور

محەمەد کوچوک سەکاللی، کونسوڵی گشتی کۆماری تورکیا لە موسڵ رایگەیاند، "لە کورتترین ماوەدا کۆنسوڵخانەکەمان لە موسڵ دەستبەکار دەبێت".

کونسوڵی تورکیا لە موسڵ، لە بەرنامەیەکی تایبەتدا لەگەڵ ئاژانسی تەبا، وەڵامی پرسیارەکانی رۆژەڤی دایەوە.

**کارەکانی دروستکردنی کونسوڵخانەی موسڵ بە کوێ گەیشت؟**

کارەکانی نۆژەنکردنەوەی کونسوڵخانەکەمان بە خێرایی ئەنجام دەدرێت. ئێمە لە ٢٠٢٠دا دەستمان بە کارەکان کرد، ئێستا لە قۆناغی کۆتاییداین. لە کورتترین ماوەدا کونسوڵخانەکەمان لە موسڵ دەستبەکار دەبێت. بڕیاروایە لە مانگی نیساندا بگوازرێینەوە موسڵ. زەمینەیەکی باش بۆ کارکردن لە موسڵ ئامادەکراوە.

**روانینی خەڵکی موسڵ بۆ کۆماری تورکیا و کونسوڵخانەی تورکیا چۆنە؟**

ئێمە لەگەڵ موسڵ هاوشێوەی عێراق پەیوەندییەکی مێژوویمان هەیە. خەڵکی موسڵ پێداویستییەکانیان وەکو بواری تەندروستی، پەروەردەیی، کەلوپەلی ناوماڵ و بازرگانی لەرێگەی تورکیاوە پڕدەکەنەوە. بەم هۆیەوە خەڵکی موسڵ چاوەڕێی ئەوەیە کە بە زووترین کات دەست بە چالاکییەکانمان بکەین لەو شارە.

**رۆلی تورکیا چی دەبێت لە دووبارەی بنیاتنانەوەی موسڵ؟**

وەک دەزانن موسڵ لە کاتی داگیرکاری داعش و لە کاتی رزگارکردنی لە دەست داعش زیانێکی زۆری بەرکەوت. بەم هۆیەوە وڵاتەکەمان هاوکارە لە دووبارە بنیاتنانەوەی موسڵ. هاوکاری پەروەدەیی و هاوکاری تەندروستی پێشکەش دەکرێت. هاوکارییەکانی تورکیا لە رێگەی تیکا-وە دەگەیەندرێتە موسڵ. وەک دەزانن ئەو پاکێجەی هاوکاری کۆڤید-١٩ کە بە رێنمایی بەرێز سەرۆککۆمارمان نێردرا، بەشێکی رەوانەی موسڵ کرا. بەم جۆرەش تورکیا هەم لە رێگەی دامەزراوە نێودەڵەتییەکان و هەم لە رێگەی پرۆژە هاوبەشەکان هاوکاری موسڵ دەکات.

**کاتێک بازرگانە تورکەکان لە رێگەی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدادەوە سەردانی عێراق دەکەن، ڤیزای عێراقیان پێدەدرێت و دەتوانن سەردانی سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بکەن. بەڵام کاتێک لە دەروازەی سنووری خابوور(ئیبراهیم خەلیل)ەوە دێنە عێراق، تەنها مافی هاتووچۆیان لە پارێزگاکانی دهۆک، هەولێر(ئەربیل) و سلێمانی هەیە. ئایا هیچ هەنگاوێکتان ناوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە؟**

ئێمە بەردەوام سەرنجی بەرپرسانی موسڵ بۆ ئەم کێشەیە رادەکێشین و پێیان رادەگەیەنین کە بازرگانەکانمان لە کاتی هاتنیان بۆ موسڵ رووبەڕووی کێشە دەبنەوە. بەڵام ئەمە کێشەیەک نییە کە لە موسڵەوە چارەسەر بکرێت. ئەم کێشەیە پەیوەندی بە حکومەتی مەرکەزییەوە هەیە. بەم هۆیەوە پەیوەندییەکانی حکومەتی عێراق و وڵاتەکەمان بەردەوامە.

**پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان عێراق و تورکیا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

عێراق و تورکیا دوو وڵاتی دراوسێ و دۆستن. ئابوورییەکەیان تەواوکەری یەکترە. بەرهەمی پیشەسازی و کشتوکاڵی، پێشکەوتوویی تورکیا لە بواری پەروەردە و خزمەتگوزاری هاوتەریبە لەگەڵ پێداویستییەکانی عێراق. بەم هۆیەوە پەیوەندییەکی ئابووری جددی لە نێوان هەردوو وڵاتدا هەیە. قەبارەی بازرگانی نێوان عێراق و تورکیا ئەم ساڵ گەیشتە ٢٠ ملیار دۆلار. من بڕوام بەوە هەیە کە لە ئایندەدا ئەم پەیوەندییە بازرگانییە بەردەوام بێت و زیاتر گەورە ببێت.

**تەنها دەروازەی سنووری خابوور (ئیبراهیم خەلیل) لە نێوان عێراق و تورکیادا هەیە. لەپاڵ ئەم دەروازە سنوورییە چەندین ساڵە ئامادەکاری دەکرێت بۆ کردنەوەی دەروازەی سنووری ئۆڤاکۆی. کرانەوەی ئۆڤاکۆی چەندە گرنگە بۆ بەرەو پێش چوونی ئابووری ئەم دوو وڵاتە؟**

ئەمە پرسێکە کە لەلایەن هەردوو حکومەتەوە بەردەوام بەدواداچوونی بۆ دەکرێت و لە رۆژەڤیاندایە. بێگومان جێگای قبووڵ نییە کە پەیوەندی قووڵی بازرگانی و مرۆیی نێوان عێراق و تورکیا لەرێگەی تەنها یەک دەروازەی سنوورییەوە بەرێوەببردرێت. دەزانین کە ژمارەی دەروازەی سنوورییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتەکانی دیکە زیاترە. بڕوام وایە کە کرانەوەی ئەم دەروازە سنوورییە سوودێکی زۆر هەم بۆ عێراق هەم بۆ تورکیا دەبێت. پشتیوان بە خودا ئەمەش یەکێکە لەو پرۆژانەی کە بەم نزیکانە بە ئەنجام دەگات.

**لەکاتی داگیرکاری موسڵ لەلایەن رێکخراوی تیرۆرستی داعشەوە منارەی حەدبا تەقێندرایەوە. وەک دەزانن منارەی حەدبا پاشماوەیەکی سەلجوقییە و هەڵگری ئەندازیاری تورکیە. نۆژەنکردنەوەی ئەم منارەیە دراوەتە کۆمپانیا بیانییەکان. ئایا هیچ هەوڵێکتان داوە بۆ ئەوەی ئەم منارەیە لەلایەن تورکیاوە دروست بکرێت؟**



ئەو بابەتەی باسی لێوەدەکەن شوێنەوارێکە کە دەکەوێتە ناوجەرگەی موسڵ. منارەی حەدبا و مزگەوتی نووری سیمای پارێزگای موسڵە. بۆ دووبارە ژیانەوەیان، حکومەتی عێراق و یونسکۆ رێککەوتوون، بەم جۆرەش لەلایەن یونسکۆ-وە دروست دەکرێت. تورکیا ئەندامی یونسکۆیە و لە نزیکەوە چاودێری ئەم پرۆژەیە دەکەین. ئێمە دەزانین کە یونسکۆ بە شێوەیەکی باش ئەو شوێنە دروست دەکاتەوە و تورکیا لەم پرسە هەموو هاوکارییەک پێشکەش دەکات.

**مەزاری سەربازە عوسمانییەکان لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقدا هەیە. مەزارەکانی بەسرە و بەغداد وەکو شوێنەواری مێژوویی پارێزگارییان لێدەکرێت. بەڵام ئەم مەزارانەی کە لە موسڵن بەرەو لەناوچوون دەڕۆن. هیچ کارێکتان دەبێت لەبارەی مەزاری ئەو سەربازە عوسمانییانەی موسڵ؟**

زۆر سوپاس بۆ ئەم پرسیارە. داوای بەزەیی و لێخۆشبوون لە خودای گەورە دەکەین بۆ ئەو شەهیدانەی کە لە رێگەی پارێزگاری وڵات گیانی خۆیان فیدا کرد و بە گیان کۆششیان دا. بەرێز و سوپاسەوە یادیان دەکەین. سەری رێز و نوازش لەبەردەم یادگاری بەنرخیان دادەنوێنین.

بێگومان نەوەکانی ئێستا، کۆشش و قوربانیدانی باپیرانیان لە یاد ناکەن. لەم چوارچێوەیەدا مەزاری سەرباز، پزیشک و کەسایەتییە گەورەکانی عوسمانی لە زۆربەی وڵاتاندا بوونی هەیە و بەردەوام لەلایەن تورکیاوە نۆژەنکارییان بۆ دەکرێت. لە موسڵیش کار و هەنگاوی لەمجۆرەمان دەبێت.

# لە ٨ی مارس دا خانمانی تورکمان بەجلی نەتەوەیی خۆیان گوڵی سپییان بەسەر خەڵکدا دابەش کرد

هەواڵ: بارزان لوقمان/ فۆتۆ: عەبدوڵا ئەحمەد

دوای ئەوەی ٨ی مارس لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەکو "رۆژی جیهانی ژنان" دیاریکرا، هەموو ساڵێک ئەو بەروارە لە گشت جیهاندا بەرز رادەگیرێت.

لە بنچینەی مافی مرۆڤدا، ٨ی مارس تایبەتکراوە بۆ بەرز راگرتنی سەرکەوتنەکانی ژنان لە بواری پێشخستنی هۆشیاری سیاسی، کۆمەڵاتی و ئابووری و خاڵێکی گرنگی جووڵانەوەی مافەکانی ژنانە.

دوای ئەوەی لە ٢٨ی شوباتی ساڵی ١٩٠٩ لە نیویۆرک رۆژی ژنان لەلایەن پارتی سۆسیالیستی ئەمریکا سازکرا، لە ساڵی ١٩١٠ لە کۆنفرانسی ژنانی سۆسیالیست پێشنیاری ئەوە کرا کە هەموو ساڵێک رۆژی ژنان ساز بکرێت، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩١٧ ژنان مافی دەنگدانیان لە یەکێتی سۆڤییەت بردەوە، ٨ی مارس بووە جەژنی نەتەوەیی. رۆژی ژنان بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن وڵاتە سۆسیالیستەکان و کۆمینیستەکان بەرز



رادەگیرا، تا ئەو کاتەی لە ساڵی ١٩٦٧ جوڵانەوەی فێمینیست گرنگی بە بابەتەکە دا، هەروەها لە ساڵی ١٩٧٥دا ئەو رۆژە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەرز راگیرا.

ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە سەرچاوەی دیاریکردنی ئەو رۆژە وەکو رۆژی ژنان، بیروبۆچوونی جیاوازی لەسەرە یەکێک لەوان، گردبوونەوەی ژنان لە ساڵی ١٩١٧ کە بووە هۆی رووخانی دەسەڵاتی قەیسەری رووسیا، یەکێکی دیکە لەوان، لە ٨ی مارسی ١٨٥٧ دوای گردبوونەوەی کرێکاران لە کارگەیەکی چنین و لە ئەنجامی هێرش کردنە سەر پۆلیس، دەرگای کارگەکە لەلایەن پۆلیسەوە داخرا، لە ئەنجامی کەوتنەوەی ئاگر لە کارگەکەدا ١٢٠ ژنی کرێکار گیانیان لەدەستدا.

رۆژی جیهانی ژنان لە هەندێک وڵات دەکرێتە پشووی فەرمی بەڵام لە هەندێک وڵاتی دیکەدا ئەو رۆژە پشتگوێ دەخرێت وهیچ بایەخێکی پێنادرێت، لە هەندێک وڵاتیشدا باس لەم رۆژە ناکرێت و لە هەندێکی دیکەشدا ٨ی مارس رۆژی خۆپیشاندانە و بەرز رادەگیرێت.

لە شاری هەولێر(ئەربیل)دا یادی ٨ی مارس بەرز راگیرا و خانمانی تورکمان لەو رۆژەدا بە جلی نەتەوایەتی خۆیان لە ناوەندی شاردا گوڵیان بەسەر خانمان دابەش کرد و پیرۆزبایی ٨ی مارسیان لە خانمان کرد.

یەکێتی ئافرەتانی بەرەی تورکمانی لقی هەولێر بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی میدیایی تەبا، خانمانی تورکمان بە جل و بەرگی تایبەتی خۆیان لە ناوەندی شاری هەولێر گوڵیان بەسەر خەڵک دابەش کرد.

ساتی دابەش کردنی گوڵ لەلایەن ئافرەتە تورکمانەکان بەسەر خانماندا لە ناوشار کاردانەوەیەکی جوانی بەدوای خۆیدا هێنا، لە هەمان کاتدا لە کاتی دابەشکردنی گوڵ هاوڵاتییەک داوای گوڵێکی کرد بۆ ئەوەی پێشکەش بە هاوسەرەکەی بکات، ئەو کارەی پیاوەکەش بووە هۆی دەرکەوتنی چەند دیمەنێکی لەیاد نەکراو.



لە کاتێکدا خانمانی تورکمان گوڵیان بەسەر خانمانی دیکە دابەش دەکرد، جگە لەوەی کە لەلایەن خەڵک پێشوازییان لێکرا بوونە هۆی سەرنجی میدیاکان.

KISA ÖZ

بەرنامەی کورت و پوخت لەگەڵ عەلی عەنتەر



جەودەت زولال بووە میوانی بەرنامەی (کورت و پوخت) و سەبارەت بە ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردن وەڵامی پرسیارەکانی تەبای دایەوە.

# سەرۆکی ناوەندی هەڵبژاردنی بەرەی تورکمانی عێراقی: ١٣٧ هەزار کارتی دەنگدان

## لە سەرانسەری کەرکوک لە بنکەکانی دەنگدان ماونەتەوە

جەودەت زولال، سەرۆکی ناوەندی هەڵبژاردنی بەرەی تورکمانی عێراقی رایگەیاند، "لەمەو بەدوا بەبێ کارتی دەنگدان هیچ کەسێک ناتوانێت هیچ کارێکی لە فەرمانگە حکومییەکان بەڕێوەببات، تاکو ئێستا لە فەرمانگە حکومییەکان داوای کارتی نیشتیمانی و فۆرمی خۆراک لە خەڵک دەکرێت، بەڵام لەمە بەدوا داوای کارتی دەنگدان دەکەن لە خەڵک".

جەودەت زولال بووە میوانی بەرنامەی (کورت و پوخت) و سەبارەت بە ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردن وەڵامی پرسیارەکانی تەبای دایەوە.

**بەرەی تورکمانی چی ئامادەکارییەک دەکات بۆ هەڵبژاردن؟**

بەرەی تورکمانی عێراقی بە شێوەیەکی خێرا بەبێ ئەوەی کات لەدەست بدات، دەستی بە ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردن کرد، دوو هەفتە لەمەوبەر من ئەو کارەم لە برای خۆشەویستم ئەحمەد رەمزی وەرگرت و دەستم بە ئامادەکارییەکان کرد.

کارەکانی هەڵبژاردنمان بە دوو شێوە بەڕێوەدەچێت، یەکەمیان لەدایکبووانی ٢٠٠١-٢٠٠٢-٢٠٠٣ ئەوانەی کە لەو ساڵانەدا لە دایکبوون دەبێت تاکو ١ی نیسان سەردانی بنکەکانی دەنگدان بکەن، ئەو بەرواره جارێک درێژ کرایەوە، بەڵام چاوەڕێ دەکرێت بەروارەکە بۆ ٢ەمین جار درێژ بکرێتەوە، هەرچەندە لە بارەی درێژکردنەوەی بەراورەکە تاکو ئێستا هیچ نوسراوێک لە کۆمیسیۆنی دەنگدانەوە نەگەیشتووەتە دەستمان، ئەو کەسانەی کە سەردانی بنکەکانی کەرتی دەنگدانیان کردووە دوای ١ی نیسان دەتوانن کارتی دەنگدانیان وەربگرنەوە، ٢ەمین بابەتیش کە ئێمە کاری لەسەر دەکەین ئەو کارتی دەنگدانانەیە کە لەبنکەکانی دەنگدان ماونەتەوە، لەسەرانسەری کەرکوک لە ٨٤٧ هەزار کارتی دەنگدان، ١٣٧ هەزار کارتی دەنگدان لە بنکەکانی وەرگرتنەوەی کارتی دەنگدان ماونەتەوە، بۆ ئەوەی خەڵک هان بدەین لە وەرگرتنەوەی کارتی دەنگدانیان بەرەی تورکمانی عێراقی لقی کەرکوک بە هەماهەنگی لەگەڵ گەنجان و خانمان و مامۆستایان و ئەندازیارەکانمان کارەکانمان ئەنجام دەدەین.

**١٣٧ هەزار کارتی دەنگدان لە بنکەکانی دەنگدان ماوەتەوە کە لەلایەن خاوەنەکانیان وەرنەگیراونەتەوە ئێوە پلانتان چییە و چۆن ئەو کارتانە دەگەیێننە خەڵک**

ئێمە جگە لە چالاکییە مەیدانییەکانمان، لە رێگای تەلەفیزیۆنی تورکمەنئێلییەوە خەڵک هان دەدەین بۆ ئەوەی بڕۆن لە بنکەکان کارتی دەنگدانیان وەربگرنەوە، دەزانن بۆ خەڵک دەبێت کارتی دەنگدانی وەربگرێتەوە؟ لەمەو بەدوا بەبێ کارتی دەنگدان هیچ کەسێک ناتوانێت هیچ کارێکی لە فەرمانگە حکومییەکان بەڕێوەببات، تاکو ئێستا لە فەرمانگە حکومییەکان داوای کارتی نیشتیمانی و فۆرمی خۆراک لە خەڵک دەکرێت، بەڵام لەمەو بەدوا داوای کارتی دەنگدان دەکەرێت لە خەڵک.

جگە لەمەش ئێمە کێبرکێیەکمان بۆ لە دایکبووانی ساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٢-٢٠٠٣ دەبێت.

**خەڵک بۆچی لە دەرهێنانی کارتی دەنگدان سارد و سووڕە؟**

بارووددۆخی عێراق دیارە کە چۆنە، کێشەی گەورەمان هەیە لە بارەی خزمەتگوزارییەکانی شارەکەمان، هەموو جێگایەکی شارەکەمان پڕە لە زبڵ و خاشاک، خەڵک داوای کۆکردنەوەی ئەو زبڵ و خاشاکە دەکات، کێشەی کارەبامان هەیە لە کەرکوک و سەرووی ١٨ کاتژمێر کارەبا نییە، هەروەها کێشەی ئاویش هەیە لە شارەکە، خەڵک دەیەوێت لە فەرمانگە حکومییەکان دابمەزرێت و ئەوەش مافی خەڵکە کە لە فەرمانگە حکومییەکان دابمەزرێت، حکومەتی عێراق ماوەی ١٨ ساڵە ئەو مافانەی نەداوەتە خەڵک، هەر بۆیەش ئیتر خەڵک نایەوێت بچێتە سەر سندوقی دەنگدان و دەنگ بدات، ئێمە هەر چەند بۆمان بکرێت هانی خەڵک دەدەین بۆ ئەوەی لە هەڵبژادندا بچن دەنگ بدەن.


ئێمە لە رێگای ئاژانسی تەبا داوا لە خەڵک دەکەین کە بچن کارتی بایۆمەتریەکانیان وەربگرنەوە، ئەو کارە بۆ خۆیان بکەن نەک بۆ دەوڵەت، ئەو کارتە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانتان و بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانتان پێویستە، ئەوانەی کە کارتی دەنگدانەکەیان کۆنە ئەوانیش دەبێت بچن کارتەکانیان نوێ بکەنەوە.

**لە هەڵبژاردنی رابردوودا خەڵک کەم بەشداری کرد، بەڕای ئێوە لەم هەڵبژاردنەدا رێژەی بەژداریکردن چەند دەبێت؟**

کێشەکان لە سەرانسەری عێراق هەر بەردەوامە و کێشەی خزمەت گوزاریمان هەیە، دەرچووی زانکۆ لە ماڵەوە دانیشتوون و چاوەڕێ دەکەن لە فەرمانگە حکومییەکان دابمەزرێن، حکومەت دەبێت ئەو کەسانە دابمەزرێنێت و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەبێت مووچەیێک بۆ ئەو کەسانە ببڕێتەوە و هاوکارییان بکات، ئێمە داوا لە خەڵک و حکومەتی عێراق دەکەین، کە هاوکاری یەکتر بکەین هەروەک لە پەندی پێشیناندا هاتووە (**چەپڵە بە یەک دەست لێنادرێت**) بۆیە ئێمە دەبێت هەموومان هاوکاری یەکتر بکەین، ئەگەر بمانەوێت گۆڕانکاری بکەین ئەوە دەبێت یارمەتی یەکتری بدەین، ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین عێراق بەرەو باشتر ببەین، ئێمە وەکو ناوەندی هەڵبژاردنی بەرەی تورکمانی هەوڵ دەدەین خەڵکێکی زۆر لەو هەڵبژاردنە بەشداری پێبکەین.

**بۆچوونی گەلی تورکمان چۆنە لە بارەی هەڵبژاردن؟**

ئێمە وەکو بەرەی تورکمانی عێراقی نوێنەرایەتی هەموو تورکمانێکی شیعە و سونە دەکەین، هەر بۆیەش ئێمە تەنها لە دەرگای بەرەی تورکمانی عێراق نادەین، ئێمە لە دەرگای هەموو تورکمانێک دەدەین، هەموو کەسێک بۆ ئێمە گرنگە و بەبێ جیاوازی خزمەتی خەڵک دەکەین، وەک دەزانن یەک دەنگی دەبێتە هۆی بردنەوە و پەرتەوازەیی دەبێتە هۆی دۆڕاندانی کورسییەکی پەرلەمان.



**ئەو هەڵبژاردنە بەگوێرەی هەڵبژاردنەکانی دیکە جیاواز دەبێت، پارێزگاکانی عێراق بۆ بازنەی هەڵبژاردن جیاواز دەکرێتەوە، باشە ئەو بریارە لە بەرژەوەندی تورکمانەکانە؟**

هەموو عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ساڵی ٢٠٠٨ یەک بازنە بوو، یەکێک لە پارێزگاکانی زاخۆ و بەسرا و بەغداد دەیتوانی دەنگ بداتە بەرەی تورکمانی عێراقی، چونکە هەموو عێراق یەک بازنەی دەنگدان هەژمار دەکرا، بۆیە پالێوراوەکانمان دەیانتوانی ئەو دەنگەی پێویستیانە بە دەستی بهێنن، لە ساڵی ٢٠١٨ عێراق دابەش کرایە سەر ١٨ پارێزگا و هەموو کەسێک دەیتوانی تەنها لە پارێزگاکەی خۆی دەنگ بدات.

لەم هەڵبژاردنەدا پارێزگاکانیش دابەش کراون، بۆ نموونە موسڵ دابەشکراوەتە سەر ٨ بازنەی دەنگدان، بازنەی دەنگدانیش بەپێی پاڵێوراوە کۆتاکانی ژن دیاری دەکرێت، لە موسڵ ٨ پاڵێوراوی کۆتای ژن هەن، بۆیە دابەشکراوەتە سەر ٨ بازنەی دەنگدان، لە کەرکوک ٣ پاڵێوراوی کۆتای ژن هەن، بۆیە دابەش کراوەتە سەر ٣ بازنەی دەنگدان کە ئەوانیش باکوور و ناوەندی شار و باشووری کەرکوکن، ئێمە وەکو تورکمان قورساییمان زیاتر داوەتە سەر ناوەندی شار، بەڵام باکوور و باشووری کەرکوکیشمان پشتگوێ نەخستووە، هیوادارین ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنین، هەروەها ٣ دەنگی بنکەی دەنگدانی ئاڵتوون کۆپریمان بە رێکەوتن هێنایە فەرمانگەی ناوەندی کەرکوک، شایەنی باسە لە کەرکوک رێکخستنەکانمان خەڵک هان دەدەن بۆ وەرگرتنەوەی کارتی دەنگدانیان وە هەنگاوی زۆر جدیمان ناوە سەبارەت بە وەرگرتنی کارتەکان.

# تورکمان دوو کەسایەتی گرنگی لە دەستدا

هەواڵ: بارزان لوقمان

رۆژنامەگەری و سیاسەتی تورکمان لە رۆژانی رابردوودا دوو کەسایەتی گرنگی لە دەستدا.


رۆژنامەنووس و نووسەری بە توانا فەلاح یەزارئۆغڵو لە رۆژی ٦ی ئازار لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا، لە نەخۆشخانە گیانی لە دەستدا.

یەزارئۆغڵو لەو نەخۆشخانەیەی کە تیایدا چارەسەری وەردەگرت، بەهۆی جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد.

مەراسیمی بەخاک سپاردنی یەزارئۆغڵو لە کەرکوک بەڕێوەچوو.

یەکەم نوێژی مردوو بۆ یەزارئۆغڵو-ی تەمەن ٦٠ ساڵ لە باخچەی نەخۆشخانە لە شارۆچکەی کەچیئۆرەنی ئەنقەرە ئەنجامدرا. دواتر تەرمی ناوبراو بۆ کەرکوک کە شوێنی لە دایکبوونییەتی بەرێکرا.

## یەزارئۆغڵو کێیە؟



فەلاح یەزارئۆغڵو لە ساڵی ١٩٦٠ لە قەڵای کەرکوک لە دایکبووە. لە ساڵی ١٩٨١ ئامادەیی پیشەسازی کەرکوک بەشی کارەبای تەواو کردووە. یەزارئۆغڵو خێزاندارە و خاوەن ٣ کوڕە.

یەزارئۆغڵو ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق، سەندیکای رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی، سەندیکای ئەدیبان و نووسەرانی تورکمان، سەندیکای گشتی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق، ئەنجومەنی راوێژکارانی تورکمان لە کەرکوک، ئۆجاغی برایەتی تورکمانی لقی کەرکوک، دەستەی نووسەرانی تورک- ئۆراس، رێکخراوی رۆژنامەنووسانی تورکمانی عێراق لە ئیستەنبوڵ، رێکخراوی نووسەرانی بێ سنوور شەرقل ئەوسەت، رێکخراوی قەفقاسیا بۆ راگەیاندن لە ئازەربایجان باکو بووە.

یەزارئۆغڵو لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە وەکو نووسەر لە رۆژنامەی تورکمانئێلی کاریکردووە. هەروەها نووسینەکانی لە چەندین رۆژنامە و گۆڤاری وەکو تورکمانئێلی، کەرکوک، تەحریر، قارداشلق بڵاوکراوەتەوە.

لە ساڵی ٢٠١٥ەوە سکرتێری سەرنووسەری رۆژنامەی تورکمانئێلی بووە.

بەشداری فیستیڤاڵی شیعری و ئەدەبی کردووە لە نووسینگەی رۆشنبیری تورکمان لە بەغداد و کەرکوک و تورکیا و ئازەربایجان کردووە و چەندین خەڵاتی جۆراو جۆری وەرگرتووە.

لە ساڵی ٢٠١٨ خەڵاتی مەدالیای پێنووسی زێرینی لە رۆژنامەوانی وەرگرتووە لە ئازەربایجان باکو. هەروەها لە هەمان ساڵدا لەلایەن دامەزراوەی فکری ئینسانی خەڵاتی داهێنان و بروانامەی رێزلێنانی پێبەخشراوە.

لەئەنجامی کارکردنی لە بواری رۆژنامەوانی ٢ جار رووبەرووی هەڕەشە بووەتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٤ رووبەرووی هەوڵێکی شکستخواردووی کوشتن بووەتەوە. هەروەها لە درەنگانێکی شەودا خانووەکەی سووتێندراوە.

## کتێبەکانی:


| | |
|---|---|
| ١- رێبەری رۆژنامەی تورکمانی بۆ ماوەی ساڵانی (٢٠٠٣- ٢٠١١) | ٢- رێبازی قورئان لەبەرکەران و قورئان خوێنەکان و تەجویدیەکان |
| ٣- ئەدیب حەسەن کەوسەر و گەشتی تەمەن | ٤- ئەنسکلۆپیدیای شەهیدانی تورکمان لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٨- ٢٠٠٣) |

لە بەرواری ٩ی ئاداریش سیاسەتی تورکمان ماڵئاوایی لە کەسایەتییەکی گەورە کرد. شاهین تورکمانئۆغڵو بەرپرسی کفری بەرەی تورکمانی عێراقی، لەو نەخۆشخانەیەی کە تیایدا چارەسەری وەردەگرت کۆچی دوایی کرد.

تورکمانئۆغڵو لە بەرواری ٢٧ی شوبات تووشی جەڵتەی مێشک بوو، بۆ چارەسەر گەیێندرایە نەخۆشخانە.

تورکمانئۆغڵو لە هەمان ئەو نەخۆشخانەیەی کەرکوک کە تیایدا چارەسەری وەردەگرت، شەوی ٨ لەسەر ٩ی ئازار گیانی لەدەستدا.

## شاهین تورکمانئۆغڵو کێیە؟



شاهین تورکمانئۆغڵو ئەندامی خێزانێکی تورکمانی کفرییە، لە بەرواری ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٨١ لە کەرکوک لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی لە کفری تەواو کردووە. تورکمانئۆغڵو بۆ خوێندنی باڵا رووی کردووەتە تورکیا و لەوێدا زانکۆی تەواو کردووە.

تورکمانئۆغڵو لە ساڵی ١٩٩٤ بووەتە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی تورکمانی عێراق، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٣ لە لقی کفری بەرەی تورکمانی عێراقی بە شێوەیەکی چالاک کاریکردووە.

تورکمانئۆغڵو بەشداری چەندین خوولی پەروەردەیی و سیاسی کردووە، هەروەها لە عێراق و تورکیا بەشداری چەندین چالاکی کۆمەڵایەتی، کەلتووری و سیاسی کردووە.

تورکمانئۆغڵو، کەسایەتییەکی خۆشەویستی شارۆچکەی کفری بوو، لەساڵی ٢٠١٥ وەکو بەرپرسی لقی کفری بەرەی تورکمانی عێراق دەستنیشانکرا.

شاهین تورکمانئۆغڵو، لەسەر لیستی بەرەی تورکمانی عێراقی بەشداری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان-عێراق کردووە.

# تورکمانێک لە سامسون کۆمسیۆنێکی تایبەت بە هاوکاریکردنی بیانییان دامەزراند

لە هەوڵدا



لە شارۆچکەی ئاتاکوم-ی سەر بە پارێزگای سامسون لە تورکیا، هاووڵاتییەکی تورکمان هەڵسا بە دامەزراندنی کۆمسیۆنێک بۆ هاوکاریکردنی کەسانی بیانی بەناوی هاوکاری و پاڵپشتیکردنی یەکتر.

لە پارێزگای سامسون-ی ناوچەی کەرادەنیز (دەریای رەش)ی تورکیا، کۆمیسیۆنی کۆنسەی ئاتاکوم بۆ هاوکاریکردن و پاڵپشتیکردنی بیانییان لەلایەن تورکمانێک دامەزرا، کۆمیسیۆنەکە لەپێناو بەشداربوونی خەڵکانی بیانی لە ژیانی ئەو شارۆچکەیە و تێکەڵاوبوونیان کار دەکات و هەوڵ دەدات کێشە و گرفتەکانیان چارەسەر بکات.

لەوبارەیەوە سەفا ئاق قۆینلو، سەرۆکی کۆمیسیۆنی کۆنسەی ئاتاکوم بۆ هاوکاریکردن و پاڵپشتیکردنی بیانییان بووە میوانی پرۆگرامی بێمەودا و باسی ماوەی دامەزراندنی ئەو کۆمسیۆنە کرد.

ئاق قۆینلو رایگەیاند کە دامەزراندنی کۆمیسیۆنەکە لە راستیدا لە بیرۆکەی دامەزراندنی دەزگایەک گەڵاڵەی کردووە و وتی، "کۆمیسیۆنەکە بە پڕۆژەی لەخۆگرتنی هاووڵاتیانی بیانی و کۆکردنەوەیان لەژێر چەترێکی هاوبەش دامەزرا. پرۆژەکەمان پێشکەشی چەند شارەوانییەک کرد. شارەوانی ئاتاکوم پرۆژەکەی لە دەزگاوە بۆ کۆنسەی گۆڕی".

ئاق قۆینلو رایگەیاند کە لەگەڵ فەرمانگەی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆچی سامسون لە پەیوەندیدان و زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکەن لەبارەی کێشە و گرفتەکانی هاووڵاتییانی بیانی.

لەلایەکی دیکەوە سەرۆکی کۆمیسیۆنی کۆنسەی ئاتاکوم بۆ هاوکاریکردن و پاڵپشتیکردنی بیانییان ئاماژەی بە کێشە و گرفتەکانی هاووڵاتییانی بیانی داو وتی، "هاووڵاتیانی بیانی سامسون لە بارەی زمان، کڕین – فرۆشتن و وەبەرهێنان کێشە و گرفتیان هەبوو، ئێمەش بەبێ بەرامبەر هاوکاریمان کرد و رێنماییمان کرد، لە راستیدا کۆمپانیاکان بە پارە ئەم هاوکارییانە پێشکەش دەکەن".

ئاق قۆینلو راشیگەیاند کە ٣ ئەندامی تورکمان لە کۆمیسیۆنی کۆنسەی ئاتاکوم بۆ هاوکاریکردن و پاڵپشتیکردنی بیانییان هەن، جگە لەوەی هاووڵاتییانی ئۆکراینی، رووسی و وڵاتانی ئەفریقی دەتوانن ببن بە ئەندام.

ئاق قۆینلو راشیگەیاند کە لەناو کۆمیسیۆنەکە، ژمارەیەک کۆمیسیۆنی دیکە هەن و وتی، "پەروەردە، خانوبەرە و راوێژکاری، تەندروستی و ژمارەیەکی زۆر کۆمیسیۆنمان پێکهێناوە. هەر کۆمیسیۆنێکیش بەرپرسێکی خۆی هەیە".

ناوبراو رایگەیاند کە کاتێک پڕۆژەکەیان پێشکەشی شارەوانی ئاتاکوم کردووە، بە ئەرێنییەوە وەڵام دراونەتەوە و وتیشی، "کاتێک گەیشتنە ئەو راستییەی کە پرۆژەکە خزمەت بە خەڵک دەگەیەنێت، بێگومان بە ئەرێنی وەڵامیان داینەوە. ئەم کۆمیسیۆنە ناوەندێک نییە بۆ چالاکی سیاسی، بەڵکو تەنها پلاتفۆرمێکە بۆ هاوکاری و هاریکارییەکان".

ئەو رایگەیاند کە پرۆژەکە پانتاییەکی فراوانی هەیە و وتیشی، "لەپلانمان دایە کۆمیسیۆن لە شارەکانی دیکەش دابمەزرێنین. سامسون لە ژمارەیەک شارۆچکە پێکهاتووە، کۆمیسیۆنەکەمان هەموو شارۆچکەکانی سامسون دەگرێتەوە. بۆ نموونە؛ لە زانکۆی ١٩ی ئادار بە تێکڕایی ٥ هەزار قوتابی بیانی هەیە. هەر قوتابییەک کێشەیەکی جیاوازی هەیە و دەمانەوێت هەموو ئەوانە یەک بە یەک بۆیان چارەسەربکەین. گەر خۆشمان نەتوانین چارەسەری بکەین، ئەوا بەرزی دەکەینەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار".

سەرۆکی کۆمیسیۆنی کۆنسەی ئاتاکوم بۆ هاوکاریکردن و پاڵپشتیکردنی بیانییان رایگەیاند کە یەکەم چالاکییان بۆ تورکمانان راگەیاندنی هەڵمەتی پاڵپشتی بوو بۆ بەشداربووی دیاری پرۆگرامی عەرەب ئایدڵ مستەفا پارلاک یلدز.

لە کۆتاییدا ئاق قۆینلو رایگەیاند کە چەندین کار و چالاکییان بۆ هاووڵاتییانی تەلەعفەر ئەنجامداوە و هاوکاری ماددییان پێشکەش کردوون.

# بە یادی بیرمەندی گەورەی تورکمانئێلی عەتا تەرزی باشی

هەواڵ: زیا عوزێری

٥ ساڵ بەسەر ماڵئاوایی پارێزەر عەتا تەرزی باشی، بیرمەندی گەورە و ناسراوی تورکمان لە جیهانی تورکی تێدەپەڕێت. تەرزی باشی بە بەرهەمەکانیانەوە ناوی خۆی بە پیتی زێرین لە فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی تورکمانی نووسیوە.

لەڕاستیدا ناکرێت، مافخواردنە ئەگەر بێت و تەنها بە هەواڵێک یاخود راپۆرتێک باسی مامۆستا عەتا تەرزی باشی بکەین، بەڵام لە ساڵیادی کۆچی دوایی کردنی ئەم کەڵە پیاوە نەدەکرا باسی ئەو کەسایەتییە مەزنە لە هەفتەنامەی تەبا شوێنی نەبێتەوە و بەڵکو مافخواردنێکی گەورەتر دەبوو.

پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد عومەر قەزانجی، شاعیری گەورە و ئەکادیمیی تورکمانی لە نزیکەوە ئاشنایەتیی لەگەڵ تەرزی باشی هەبووە و ژمارەیەک وتاری لەسەر ناوبراو نووسیوە، قەزانجی دەربارەی تەرزی باشی بۆ هەفتەنامەی تەبا وتی، "بێگومان عەتا تەرزی باشی مایەی شانازی ئەدەبیاتی تورکمانییە. بە بەرهەمەکانیی توانیویەتی پێناسەی ئەدەبیاتی تورکمانی بکات، لەلایەکی دیکەوە کاری گرنگی ئەنجامداوە لەبارەی رۆژنامەوانی و میدیاگەریی تورکمانی. لە وتارێکمدا وتوومە کە مامۆستا عەتا تەرزی باشی دەیتوانی تاڵە موویەک بکاتە ٤٠ بەش. واتە زۆر لە لێکۆڵینەوەکانیدا ورد دەبوویەوە. بۆیە وا پێناسەم کردووە کە ئەدیبێکی وردە لە کارەکانیدا".

قەزانجی ئاماژەی بە بەرهەمەکانی تەرزی باشی کرد و وتی، "کاتێک سەرجەم بەرهەمەکانی دەخوێنیتەوە، بۆت روون دەبێتەوە کە هەمیشە راستییەکان وەکو خۆی گواستووەتەوە. لەو کاتەدا سەرجەم رووداوەکانی وەکو خۆی گێڕاوەتەوە لە رێڕەوی مێژوویی خۆی، بۆیە هیچ هەڵەیەک لە بەرهەمەکانیدا نابینییەوە".


ئەو ئەکادیمییە ناسراوەی تورکمان رایگەیاند کە لەرووی شیعریشەوە زۆر بە باشی لە دەقەکان گەیشتووە و وتیشی، "زیاتر لە هەموویان لە شیعر تێدەگەیشت. لە یەکێک لە نووسراوەکانیدا دەڵێت، (هە ر لە سەرەتاوە دەمویست ببم بە شاعیر بەڵام سەرکەوتوو نەبووم، بۆیە وازم لە شیعر هێنا)".

محەمەد عومەر قەزانجی ئەوەشی وت کە عەتا تەرزی باشی زمانەکانی تورکی و عەرەبی و فارسی دەزانی، ئەو دەشڵێت، "هیچ کاتێک پەی بەوە نەداوە کە فارسی دەزانێت و دەرینەبڕیوە. زۆربەی هەرە زۆری هاورێیەکانمان نازانن کە مامۆستا تەرزی باشی زمانی فارسیی زانیوە و شیعری فارسی خوێندووەتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ کردووە".

ئەو ئەکادیمییە رایگەیاند کە مامۆستا تەرزی باشی کەسێک بووە کە لە زۆر بواردا باڵادەست بووە و وتیشی، "ئەو بەرهەمانەی کە نووسیویەتی تەنانەت دوای کۆچی دوایی کردنیش نەیان توانیوە بە شێوەیەکی باش بیخوێننەوە و سوودی لێوەبگرن. بۆ نموونە؛ کتێبێکی ٣ بەرگیی هەیە لەبارەی سوو(فایز) و لەو بەرهەمەیدا بۆمان روون دەبێتەوە کە مامۆستا عەتا زانیاریی لەبارەی تەسەوفیش هەبووە. بۆیە کاری کردووە لەسەر زاراوەکانی تەسەوف لە زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبی".

لەماوەی زیاتر لە ٩٠ ساڵیی تەمەنیدا هەرگیز قەڵەمەکەی دانناوە و بە بەردەوامی خزمەتی ئەدەبیاتی تورکمانی کردووە.

مامۆستا عەتا تەرزی باشی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی تورکی پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی تەواوکردووە، دواتر لە ساڵانی ١٩٣٦ – ١٩٣٧ خوێندن بە زمانی تورکی نامێنێت و لەو سەردەمەدا تەرزی باشی روو لە خوێندنی عەرەبی دەکات. لەوبارەیەوە قەزانجی رایگەیاند کە مامۆستا تەرزی باشی حەزی لە ئەدەبیات هەبووە و وتیشی،



"ئەم شتانە لە سەرەتاوە بە خولیا دەستپێدەکات. رۆژ لە دوای رۆژ زانیارییەکانی گەشەیسەندووە و وردبینیی لە بابەتەکان زیادی کردووە. بۆیە خولیایی مامۆستا عەتا تەرزی باشی هەر لە منداڵییەوە دەستی پێکردووە و لەو تەمەنەدا دەستیکردووە بە لێکۆڵینەوەی کتێبی باوکی و خزمەکانی، ئەمەش بووەتە هۆی پەرەپێدان بە خودی خۆی. ئەو کتێبانەی دەستیکەوتووە، بۆ خۆی گێڕاوەتەوە و گەیشتە ئەم رۆژانە".

نەجات کەوسەرئۆغلۆ، سەرنووسەری رۆژنامەی تورکمان ئێلی و گەورە لێکۆڵەری مێژوویی لە نزیکەوە ئاشنایەتی بە عەتا تەرزی باشی هەبووە، لەوبارەیەوە بۆ هەفتەنامەی تەبا وتی، "تەرزی باشی یەکێکە لە کەسە سیمبول و سیمای دیاری مێژووی هاوچەرخی کەلتووری تورکمانانی عێراق. بە شێوەیەکی ئەکادیمی توانیویەتی کەلتوور و ئەدەبیاتی تورکمانی بۆ خوێنەرانی شیبکاتەوە. تەرزی باشی توانیویەتی ئەو کتێب و لێکۆڵینەوە کۆنانەی سەر رەفە تۆزاوییەکان دەربارەی شاعیرانی کەرکوک، هەولێر(ئەربیل) و ناوچەکانی دیکەی تورکمان ئێلی دووبارە هەڵبداتەوە و بەشێوەیەکی ئەکادیمییانە کاری لەسەر کردووە. لە ئەنجامدا توانی کتێبێکی ١٣ بەرگی چاپ بکات لە بارەی شاعیرانی کەرکوک و هەولێر. لەگەڵ ئەوەدا هەڵساوە بە چاپکردنی پەرتووکێکی ٢ بەرگی بەناوی "کەرکوک هاشالاری" و تیایدا ئاماژەی بە مەقام و هۆنراوە و گۆرانییەکانی کۆمەڵگەی تورکمانانی عێراق داوە".

کەوسەرئۆغلۆ ئاماژەی تایبەتی دا بە کارەکانی تەرزی باشی لە بارەی قۆریات و وتی، "هەڵساوە بە کۆکردنەوەی قۆریاتەکان کە کەلتوور و سیمبولی تورکمانانی عێراقە، دواتر بە شێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە ئەنجامداوە و پێشکەشی جیهانی ئەدەبیات کردووە".

لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا عەتا تەرزی باشی لێکۆڵینەوەی تایبەتی ئەنجامداوە دەربارەی شێوەزاری تورکمانی لە کتێبێکی ٣ بەرگی، لەوبارەیەوە نەجات کەوسەرئۆغلۆ وتی، "تەرزی باشی توانی کەلتوور و مێژوو و ئەدەبیات و فۆلکلۆری تورکمانانی عێراق بە شێوەیەکی ئەکادیمی پێشکەشی جیهانی تورکی بکات. نەک تەنها جیهانی تورکی، بەڵکو پێشکەشی جیهانی عەرەبی کردووە و لەو بارەیشەوە بووەتە سیمبولێکی ناسراو لەو ناوەندەدا. مامۆستا تەرزی باشی چنارێکی گەورەی مێژووی هاوچەرخی تورکە. ژمارەیەکی زۆر لەژێر گەڵای ئەم چنارە پێگەیشتووە. لە یادی ٥ ساڵەی کۆچی دواییدا بە رێز و نەوازشەوە یادی دەکەین".

بەپێی زانیارییەکانی مێژووناسی گەورە نەجات کەوسەرئۆغلو، مامۆستا عەتا تەرزی باشی زیاتر لە ٢٠ پەرتووکی چاپکراوی هەیە. لەهەمان کاتدا کەوسەرئۆغلۆ خودی خۆی ٣ کتێبی لەبارەی تەرزی باشی نووسیوە. کتێبەکان بریتین لە؛ فەهرستی کتێبە هێڵکارییەکانی عەتا تەرزی باشی، لێکۆڵینەوەکانی تەرزی باشی لەبارەی فزووڵی، ژیان و بەرهەمەکانی عەتا تەرزی باشی. لەوبارەیەوە نەجات کەوسەرئۆغلۆ وتی، "تەرزی باشی توانیویەتی ٢٢ لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات لەبارەی فزوڵی و سەرئەنجام سەلماندوویەتی کە فزووڵی خەڵکی کەرکوکە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دیدار و کۆبوونەوانەشم بڵاوکردەوە کە مامۆستا تەرزی باشی لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ لەبارەی فزووڵی ئەنجامیداوە".

# "یارالی نییە بەڵکو یارالیئەربیلە"



شاعیری بەناوبانگ بورهان یارالی بووە میوانی پێشکەشکار زیا عوزێری لە پرۆگرامی ئارزوحاڵ کە هەفتانە لە ئاژانسی تەبا پەخش دەکرێت.

یارالی لە پرۆگرامەکەدا باسی لە ژیانی تایبەتی خۆی و کەسایەتییەکەی لەنێو ئەدەبیات کرد.

لە وەڵامی پرسیاری پێشکەشکار عوزێری، یارالی باسی لە گرتنی رێچکەی ئەدەبیات کرد و وتی، "لە قەڵای هەولێر(ئەربیل) چاوم بە دونیا هەڵهێناوە، ئەو بارودۆخە نەوخوازراوانەی کەبەسەر هەولێر هات کاریگەی خەراپی لەسەر من جێهێشت، بۆ ئەو کەسانەی کە خوێن و ئارەقەیان بەم خاکە بەخشیوە وەک ئەرکێکی سەر شانم ئەم نازناوەم لەخۆم نا".

یارالی تەمەن ٧٤ ساڵان باسی لە سەرەتای دەستپێکردنی بە کاری ئەدەبیات کرد و ئاماژەی بەوەدا، "من لەسەرەتادا لە ساڵی ١٩٦٤ بە نووسینی قۆریات دەستم پێکرد، دواتر لە ساڵی ١٩٦٧ دەستم بەکاری شیعر نووسین کرد و تا ئێستاش بەردەوامم. نزیکەی ٥٣-٥٤ ساڵە بەردەوامم لە خزمەتکانم بەم کەلتووره".

لەبارەی نازناوی یەرالی شاعیری بەناوبانگ وتی، لە راستیدا نازناوم "یارالی" نییە بەڵکو من خۆم نازناوی "یارالیئەربیل"م بۆخۆم دانابوو، بەڵام خەڵک کاتێک قسەی لەگەڵم دەکرد بە یەرالی ناوزەندیان دەکردم و ئەم نازناوەم لەلای خەڵک ناوی دەرکرد و کتێبەکانیشم ئەم ناوەی لێنووسرا بۆیە ئیتر نازناوی "یارالیئەربیل" بەکارنەهات.

یەرالی لەم ماوەیەی دواییدا نوێترین کتێبی بەچاپ گەیاند و موژدەی بەچاپ گەیاندی کتێبێکی نوێی بە خوێنەرانی راگەیاند و وتی، "١٩ کتێبی ئەدەبیم هەیە، ٥-٦ کتێبیان باسی مێژووی شاری هەولێر دەکات، جگە لەمانە کتێبی ٢٠ەمم لە رێگایە و بەم نزیکانە چاپ دەکرێت".

# لەم ئەڵقەیەی پرۆگرامی ئارزوحاڵ لە رۆژنامەی تەبا:




## مەلا حوسامەددین: شێخی چۆلی جێپەنجەی لە ژیانی هەمووماندا هەیە. کاریگەریی رۆحییشی تا ئێستا بەردەوامە



میوانی یەکەمی پرۆگرامی ئارزوحاڵ، مەلا حوسامەددین مەلا جەودەت، کەسایەتی ئایینی ناسراوی شاری هەولێر(ئەربیل) بوو.

مەلا حوسامەددین ئاماژەی بەوەدا هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لەگەڵ حافز مەلا جەودەتی باوکی چووەتە مزگەوتی ناو بازاڕی قەیسەری هەولێر و لەوێ فێری زۆر شت بووە.

بە ئاماژەدان بەوەی کە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە خولیای خوێندنەوەی کتێبی هەبووە، مەلا حوسامەددین وتی، "سەرچاوەی وابەستە بوونم بە خوێنەوەی کتێب دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆن و بینینی خەونێک. هاوڕێیەکی باوکم بانگی باوکم دەکات و پێی دەڵێت کە خەونێکی بینیوە و لە خەونیدا بەشێکی کتێبخانەیەکی گەورەی داوەتە من. باوکیشم شرۆڤەی خەونەکەی لێدەپرسێت و ئەویش لە شرۆڤەکەدا دەڵێت کە حوسامەددین دەبێتە خاوەن کتێبخانە و دەبێتە مەلا. سوپاس بۆ خودا کە هەردووکیان بوون بە راستی".

مەلا حوسامەددین لە باسی یەکێک لە گرنگترین کەسایەتی ومزگەوتەکانی هەولێر بە ناوی شێخی چۆلی وتی، "شێخی چۆلی جێپەنجەی لە ژیانی هەمووماندا هەیە. کاریگەریی رۆحییشی تا ئێستا بەردەوامە. نوێژکردن لەو شوێنە جیاوازی هەیە لەگەڵ شوێنەکانی دیکە. بەراستی هەندێک لە مزگەوتەکانی هەولێر جیاوازن. ناوی راستەقینەی شێخی چۆلی بریتییە لە شێخ محەمەد مستەفا حاجی عومەر ئەربیللی. ئەندامی خێزانێکی تورکمانە و کەس ناتوانێت نکۆڵی لەمە بکات. ئەندامی تەریقەتی نەقشبەندییە".

حوسامەددین جەودەت لە باسی دۆخی ئێستای مزگەوتی شێخی چۆلی ئاماژەی بەوەدا، "مزگەوتەکە تا ئەمرۆش بەردەوامە لە خزمەتکردن. رۆژانە هاوکاری خواردن پێشکەشی زیاتر لە ٢٠٠ کەس دەکات. تا ئێستاش ئەڵقەی زیکر و خەتمی نەقشەبەندی لەو مزگەوتەدا بەردەوامە".

مەلا حوسامەددین باسی لەوەکرد کە دەیەوێت گەنجەکان ببنە خاوەن زانیاری لەبارەی مێژوو و باسی لەوەش کرد کە هەولێر خاوەن مێژوویەکی گەورەیە و پێویستە گەنجەکان هەر یەکەیان لە بوارێکدا شارەزاییان هەبێت.

## دکتۆر حازم بورهان نەجار: هەموو ساڵێك ٢٠-٢٥ کورسی کۆتایی خوێندن بۆ زانکۆ و ماستەر دەبەخشین



یەکێکی دیکە لە میوانەکانی پرۆگرامی ئارزوحاڵ، دکتۆر حازم بورهان نەجار، سەرۆکی بەشی تورکی لە زانکۆی سەلاحەددین و سەرۆکی یەکێتی دەرچووانی تورکیا بوو.

نەجار ئاشکرای کرد کە لە ساڵی ١٩٩٦ بەشی زمانی عەرەبی تەواوکردووە و دواتر لە تورکیا بەردەوامی بە خوێندنەکەی داوە. لە ساڵی ١٩٩٧ چووەتە بەشی زمانی تورکی و لەم بوارەدا دەستی بە کار و چالاکییەکانی کردووە.

دکتۆر حازم بورهان کە بە دامەزرێنەری بەشی زمانی تورکی دادەندرێت، لەبارەی کرانەوەی ئەم بەشە بەم شێوەیە دوا:
"ئەگەر بەڕاشکاوانە قسە بکەم، من نیازی ئەوەم نەبوو بگەڕێمەوە. لەگەڵ هاوڕێیەکم سەردانی زانکۆی کۆیسەنجەقمان (کۆیە) کرد. منیان بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی رازیم بکەن کە بگەڕێمەوە و ئەم بەشە لە هەولێر بکەمەوە. لەو رۆژەوە دەستمان بە کار و چالاکییەکانمان کرد".

دکتۆر حازم بورهان نەجار ئاماژەی بەوەدا کە لە ساڵی ٢٠٠٨- ٢٠٠٩دا گواستراوەتە هەولێر و وەکو سەرۆکی بەش دەستی بە ئەرکەکەی کردووە و وتیشی، "بیرۆکەی زمانی تورکی لە ٢٠٠٥دا سەرچاوەی گرت. لەو سەردەمەدا هەڵبژاردن هەبوو و من یەکەم کەس بووم کە پرۆژەکەم پێشکەش کرد. تەنها نەبووم، دکتۆر نەوزاد خۆشناوم لەگەڵ بوو ئەویش بەڵێنی پێدابووم. لە ساڵی ٢٠٠٨ بۆ جاری سێیەم پرۆژەکەمان پێشکەش کرد و ئەمجارەیان قبووڵ کرا".

حازم بورهان لە باسی ئەو کۆتایە کە لە بەشی تورکی دەدرێت وتی، "کۆتا بۆ قوتابخانە تورکمانییەکان دیاری کرابوو. ئەو کۆتایە بەردەوام بوو و لە کۆبوونەوەکاندا ٣ پێشنیازم خستەڕوو. هەر سێ پێشنیاز قبووڵ کرا کە یەکێکیان پرسی کۆتا بوو".

سەرۆکی بەشی زمانی تورکی رایگەیاند، "بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگا پێویستە دوو شت زۆر گرنگی پێبدرێت. یەکەمیان پەروەردەیە، دووەمیان بازرگانییە. بەداخەوە ئێستا بواری پەروەردە کراوەتە بازرگانی و منیش بەوە دەڵێم مافیای پەروەردەیی".

دکتۆر حازم نەجار ئاماژەی بەوەدا کە بە ساردی لە پرسی کۆتا دەڕوانێت و وتی، "هەندێک ساڵ ئەم کۆتایە بە بەتاڵی تێپەڕدەبێت. باشە دەپرسم، ئایا لە قوتابخانە تورکمانییەکان کەس نییە ئەو کۆتایە وەربگرێت؟ پێویستە پاڵپشتی قوتابییەکان بکرێت. پێویستە بەڕێوبەری قوتابخانەکان لە بارەی ئەم بەشەوە زانیاری بدەن بە قوتابییەکان".

لە کۆتاییدا دکتۆر حازم لەبارەی کۆمەڵەی دەرچووانی تورکیاوە دوا و ئامانجی دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیەی خستەڕوو و وتی، "کۆمەڵەکەمان لە ساڵی ٢٠١٧دا دامەزرا. یەکێک لە پرۆژەکانمان کردنەوەی خوولی زمانی تورکییە، خوولی تۆماریش یەکێکە لەو کارانەی کە ئەنجامی دەدەین. شوێنێکی جوانمان هەیە. جگە لە زمانی تورکی دەتوانین خولی عەرەبی و ئینگلیزیش بکەینەوە. بڕوانامەی تۆمارمان لەلایەن تورکیاوە باوەڕپێکراوە و پاڵپشتی دەکرێت. هەموو ساڵێک ٢٠- ٢٥ کورسی کۆتایی خوێندن بۆ زانکۆ و ماستەر دەبەخشین. بەداخەوە داواکاری لەسەر ئەمەش کەمە".

تێبینی: هەردوو پرۆگرامەکە لە ماڵپەری ئاژانسی تەبا (TEBA Ajansi) لە فەیسبووک و کەناڵی یوتوب هەیە و دەتوانن تەواوی پرۆگرامەکان لەو ناونیشانە ببینن.

# لە بەرنامەی تایبەت لەگەڵ بەڕێوبەری تەندروستی هەولێر(ئەربیل) دواین دۆخی کۆرۆنا تاوتووێ کرا

هەواڵ: پنار چەلەبی/فۆتۆ: عەلی چەلەبی

پنار چەلەبی پێشکەشکاری ئاژانسی تەبا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ د. دلۆڤان محەمەد بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر(ئەربیل) ئەنجامدا، دواین دۆخی کۆرۆنا و کرانەوەی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە چاودێری چر لە هەولێر تاوتووێ کرا.

بەڕێوەبەری گشتی تەندورستی هەولێر لەبارەی کرانەوەی نەخۆشخانەی لالاڤ کە تایبەتە بە چاودێری چڕ، بۆ رۆژنامەی تەبا دوا و وەڵامی پرسیارەکانی پنار چەلەبی پێشکەشکاری بەرنامەکەی دایەوە و وتی، "نەخۆشخانەی لالاڤ، تایبەتە بە چاودێری چڕ و لە ٤٠ قەروێڵە پێکهاتووە، دوو هۆڵی چاودێری کردنی هەیە و هەر هۆڵێکی چاودێریکردن لە ٢٠ قەروێڵە پێکهاتووە، بیرۆکەی کردنەوەی نەخۆشخانەکەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئێمە وەکو شاری هەولێر بەهۆی سنووردار



بوونی قەروێلەی بەشی چاودێری چڕەوە کێشەمان بۆ دروست ببوو. چونکە تاکو ئێستا ژمارەی ئەو قەروێلانەی کە هەبوو لە نەخۆشخانە حکومییەکان زۆر سنووردار بوو، زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە نەخۆش هەیە پێویستی بە چاودێری چڕ هەبووە بەڵام لەبەر نەبوونی جێگا پەنای دەبردە نەخۆشخانە تایبەتەکان، هەمووومان دەزانین نەخۆشخانە تایبەتەکان بە بەراورد لەگەڵ باری دارایی خەڵک پارەکەی یەکجار زۆرە، زۆر خەڵک هەبووە دووچاری ئەوە بووە لە کەسانی دیکە پارە قەرز بکات، هەر بۆیەشە ئێمە پێمان وابوو ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی ستراتیژی دەبێت، بە تایبەتی لەم ماوەیەی کۆتاییدا زیاتر جەختی لەسەر کرایەوە".

لە بەردەوامی قسەکانیدا د. دلۆڤان ئاماژەی بەوەدا، "لەلایەن وەبەرهێنەرێکەوە نەخۆشخانەکە بەشێوەیەکی خێرخوازی دروستکراوە، ئێمە وەکو تەندروستی هەولێر سوپاسی گرووپی لالاڤ دەکەین، کۆمپانیای ناوبراو بە ٪٩٠ی کارەکە هەڵساون ٪١٠ی کارەکانیش ئەوانەی کە زۆر پزیشکین ئێمە کردوومانە، نەخۆشخانەکە لە کاتی ئێستادا کراوەیە و دەست بە وەرگرتنی نەخۆش کراوە".

د. دلۆڤان سەبارەت بە جیاوازی پەتای کۆرۆنای کۆن و پەتای جۆرە نوێیەکەی کۆرۆنا ئاماژەی بەوەکرد، "هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان پەتای جۆری نوێی کۆرۆنا و پەتای کۆرۆنای کۆن، تاکە جیاوازی ئەوەیە کە بەشێوەیەکی خێراتر بڵاودەبێتەوە، هەروەها هیچ جیاوازییەک نییە لە نیشانەکانی و چارەسەری نەخۆشییەکە بەڕادەیەک هەمان چارەسەری کۆڕۆنای کۆنی بۆ بەکاردێت، بەهۆی خێرا بڵاوبوونەوەی پەتای جۆری نوێی کۆرۆنا ئێمە لەماوەی رابردوودا هاووڵاتیانمان لە مەترسیی کۆڕۆنا ئاگادار کردووەتەوە،ئێمە ترسی ئەوەمان هەیە کە هاووڵاتی پێویستی بە خزمەتکردنی تەندروستی هەبێت و ئێمەش نەتوانین ئەو خزمەتگوزارییە دابین بکەین".



بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر سەبارەت بە چۆنییەتی دەستنیشانکردنی پەتای کۆڕۆنای گۆڕاو و ئەنجامی پشکنینەکانی ماوەی رابردوو، رایگەیاند، "بە دەستخۆشییەوە تاقیگەی گشتی ناوەندی هەولێر تاکە تاقیگە بوو توانی ئەو ڤایرۆسە دەستنیشان بکات و جۆرەکەی دیاریی بکات، ئێمە ئەو پشکنینانەی کە دەکران و پۆزەتیف بوون بۆ ئەو کەسانە پشکنینی جۆری کۆرۆنا نوێکەمان دەکرد، دوای دەستنیشان کردنی چەند حاڵەتێک لە ئێستادا دەتوانین بڵێین لە ٪٧٠ یان ٪٨٠ی ئەوانەی کە پشکنینیان بۆ دەکرێت هەموو تووشی پەتای جۆری گۆڕاوی کۆرۆنا بوون".

د.دلۆڤان باسی لەڕێژەی تووشبوونی منداڵان بە پەتا گۆڕاوەکەی کۆرۆنا کرد و رایگەیاند، "هەموو تەمەنێک ئەگەری تووشبوونی بەو پەتایە هەیە، بەڵام لەکاتی دەرکەوتنی کۆرۆنا راگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆ و داخرانی قوتابخانەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق، دەکرێت هۆکارێک بێت کە زیاتر لە منداڵان دەرنەکەوتبێت، پەتای ڤایرۆسی گۆڕاوی کۆرۆنا لە ئێستادا لە منداڵان دیاریکراوە بەڵام رێژەکە تاکو ئێستا زۆر نییە، بەڵام ئەگەر هاتوو بەراوردێک بکەین لەگەڵ شارەکانی دیکەی عێراق لەوێدا تووشبووی منداڵ زیاتر بەدی دەکرێت، وە حاڵەتی گیان لە دەستدانیش لەوێ تۆمارکراوە، یەکێکی دیکەش لە هۆکارەکان ئەوەیە کە پەتاکە بەخێرایی بڵاودەبێتەوە و بەم هۆکارەش خەڵکانێکی زیاتر تووشی دەبن".

لە بارەی بارودۆخی ئەو نەخۆشانەی کە تووشی پەتا گۆڕاوەکەی کۆرۆنا بوون ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد، "دوای دەستنیشانکردنی جۆری نوێی پەتای کۆرۆنای گۆڕاو ئەو نەخۆشانەی کە روو لە نەخۆشخانە دەکەن زیاتر ئەوانەن کە تووشی پەتا گۆڕاوەکە بوون و پێویستیان بە ئۆکسیجین هەیە و باری تەندروستیان ناجێگیرە و پێویستیان بە چاودێری چڕە".


لە بەردەوامی قسەکانیدا د.دلۆڤان باسی لەوەکرد، "دوای کردنەوەی نەخۆشخانەی لالاڤ بۆ چاودێری چڕ چەند نەخۆشخانەیەکی دیکەمان گەڕاندەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆی بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکانی دیکە پێشکەش بە هاووڵاتیان بکات وەکو نەخۆشخانەی رزگاری کە سوپاس بۆ خودا توانیمان بیگەڕێنینەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆی و وەک جاران کار بکات، دوو نەخۆشخانەی مەیدانیمان هەبوو لەگەڵ بەشەناوخۆیی ١٨ی شوبات و نەخۆشخانەی مەریەمانە ئەوان لە کاتی ئێستادا داخراون.

سەبارەت بە دابەشکردنی ٥٠٠٠ ڤاکسینی کۆرۆنا بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر ئاماژەی بەوەکرد، "لەو ٥٠٠٠ ڤاکسینەی کە هاتووەتە هەرێم، بڕی ١٠٠٠ دانەیان دەدرێتە کونسوڵخانەی چین، ٤٠٠٠ ڤاکسین دەمێنێتەوە بۆهەرێم، ئەویش بەپێی ئەولەویەتی پلانی وەزارەتی تەندورستی دابەش دەکرێت، سەرەتا پێدانی ڤاکسینەکە پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی و فەرمانبەران دەگرێتەوە کە لەو نەخۆشخانانە کاریان کردووە کە چارەسەری کۆرۆنای تیادا وەرگیراوە، دواتر ئەگەر هاتوو ڤاکسینەکە بەش بکات ئەوا دەدرێتە ئەو کەسانەی کە بە تەمەن گەورەن و نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە، هەروەها ئەوانەی کە لە کەرتی ئەمنی کار دەکەن ڤاکسینیان پێدەدرێت، بەڵام ڤاکسینەکە سنووردارە، بریارە لە ماوەیەکی نزیکدا ڤاکسینی ئاسترا زێنیکا بگاتە عێراق و هەرێم، هیوادارین بڕەکەی ئەو زیاتر بێت بۆ ئەوەی بتوانین خەڵکێکی زۆر ڤاکسینەکە وەربگرن.



لەکۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا د. دلۆڤان محەممەد سەبارەت بە دابین کردنی شوێنێکی تایبەت بە وەرگرتنی ڤاکسینی کۆرۆنا رایگەیاند، "لە راستیدا ئێمە ٢ پلانمان هەیە، وەک دەزانن بەغدادیش لە گەڵ کۆمپانیای فایزەر گرێبەستی ئەنجام داوە خەزن کردنی ئەو ڤاکسینەش پێویستی بەشوێنێکی سارد هەیە کە دەبێت لە پلەی -٧٠ بێت، ئێمە لە سنووری پارێزگای هەولێر ٣ شوێنمان ئامادەکردووە، نەخۆشخانەی رزگاری، سەنتەری کۆرۆنا لە سۆران، لە کۆیەش شوێنێک دابین دەکرێت، لە ئێستدا دوای گەیشتنی ڤاکسینە چینییەکە تەنها ئەم ٣ شوێنە بەکاردێت".

هاوکات لە کۆتاییدا باسی لەوەکرد، "لە پلانی ئێستامان لە سنوری پارێگای هەولێر ٦١ شوێنی دیکەمان دیاری کردووە بۆ وەرگرتنی ڤاکسین، کە لە بنکە تەندروستیەکانیش وەکو ڤاکسینەکانی دیکە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت".



## مام جەلیل...

# چەخماخچییەتی ئاسوودەی کردووم..!

هۆگر جەمیل ئەحمەد



چەخماخسازی، بە یەکێک لە کۆنترین ئەو پیشانە دادەنرێت کە لە هەموو شارەکانی عێراق بە گشتی و لە شاری هەولێریش بە تایبەتی بوونی هەیە، هەر چەندە ئێستا ژمارەیەکی کەم لەو بوارەدا کار دەکەن کە لە پەنجەی دەست تێپەر ناکات، ئەویش بە هۆی سەرهەڵدانی ئامێری پێشکەوتووی کارەبایی تایبەت بەو جۆرە پیشەسازییە، کە بە جۆرێک زۆر لە بەکارهێنەرانی ئەم بوارە بۆ رایی کردنی کارەکانیان روو لەو جۆرە پیشەسازییە دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پیشەی چەقۆ تیژکردنەوەی لاسایی، تا ئێستا بەهاکەی خۆی لە دەست نەداوە، ئەویش هەر چەندە بۆ دەستکەوتنی لایەنە مادديیەکەیە، بەڵام زۆر جاریش بۆ مەبەستی پاراستنی ئەو کەلتورە رەسەنەیە کە لە باوو باپیرانەوە جێ ماوەتەوە، گومانی تێدا نییە، یەکێک لەو کەسانەی کە دانیشتووی شاری هەولێرە، خۆی پەیوەست بە پیشەی چەخماخسازی کردووە، مام (جەلیل)ە، کە یەکێکە لەو چەخماخچی-یە دەگمەنانەی شاری هەولێر، دەتوانین بڵێین، هەر کەسێک کە خەڵکی شارەکەیە، کاری بە کرین و تیژکردنەوەی چەقۆ هەبێت، ناوی مام (جەلیل)ی ،بەر گوێ کەوتووە.

جەلیل خەلیل سلێمان، ناسراو بە مام (جەلیل)،لە حوزەیرانی ساڵی (1955)ی زایینی لە کۆڵانی تەکیەی سەید جەلال کە دەکەوێتە گەرەکی تەعجیلی شاری هەولێر چاوی بە دونیا هەڵهێناوە ،ئەوکات لە خێزانێکی دوازدە ئەندامی پێکهاتبوون، شایەنی باسە، بە تێپەربوونی رۆژگار و ئاڵوگۆڕی زەمان، ناوبراو لە ساڵی (1977)ی زایینی، هاوسەرگیری دەکات و دەبێتە خاوەنی شەش منداڵ، بە جۆرێک کورەکانی ناوبراو ئێستا کاری بەرگدروویێتی دەکەن، هەروەها ئەم خێزانە لە خانەوادەیەکی تورکمان و بنەچەیەکی رەسەنی شاری هەولێرە، بە شێوەیەک هەر لە زووەوە کاسبی پیشەیەکی سەرەکی ئەو خێزانە بووە.

مام (جەلیل) زۆر خولیای کارەکەی خۆیەتی، ئەوەتا بەیانیان سەعات شەش و نیو لەماڵەکەی خۆی بەرەو دوکان بەرێدەکەوێت، تا سەعات (5)ی ئێوارە، ئینجا دەگەرێتەوە ماڵ، ناوبراو هەرچەندە تا رادەیەک ماوەیەکی کەمە سەرقاڵی ئەم کارەیە کە نزیکەی (13) ساڵە، بەڵام وەک خۆی بۆمان دەگێرێتەوە؛ هۆکاری هۆگربوونی بۆ ئەم پیشەیە تارادەیەک بۆ مامی دەگەرێتەوە،کە لە پێشووتردا کاری ئاسنگەرێتی کردووە، لە ناو بازاری قەیسەری دووکانی (کورە)ی هەبووە.

شایەنی باسە، مام (جەلیل) چەخماخچی، لەبەر ئەوەی لە خێزانێکی کاسبکاردا پەروەردە بووە، زۆر گرنگی بە بواری خوێندن نەداوە! ئەوەتا خۆی ئاماژە بەوە دەکات، ئەو کات لە قوتابخانەی (بۆتان)ی سەرەتایی کە دەکەوێتە گەرەکی (عارەبان)ی ئێستا تا پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندووە، وەک دیارە، هەر لەتەمەنی هەرزەکاریشدا لە خوێندن دادەبڕێت و بە کارو کاسبی یەوە خەریک دەبێت.

گومانی تێدا نییە، مام (جەلیل)، هەر چەندە رووبەری دوکانەکەی لە (3)مەتر تێپەڕ ناکات، کەچی لەپاڵ ئەمەشدا بەردەوام سەرقاڵی کارەکەیە، تا ئێستا زۆری تەمەن و نەخۆشی و زەحمەتی رۆژگار،کارێکی ئەوتۆی لە پیشەکەیدا نەکردووە، بۆیە بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانی بە رێکو پێکی کار دەکات و شارەزاییەکی بەرچاوی لەو بوارەدا هەیە، هەردەم چەقۆو ئەو ئامێرانەی کە تایبەتە بەو بوارە بە شێوازێکی چالاکانە بە کریارەکان دەفرۆشێت، ناوبراو نایشارێتەوە بە ئاشکرا دەیلێت:

من بە کارەکەی خۆم بەختەوەرم!! هەر وەک نووسەری بە ناوبانگی ئوسترالی (پاول ویلسۆن)، لە کتێبەکەی بە ناونیشانی (ئاسوودە بوونت لە شوێنی کاردا)، لەو بارەیەوە دەڵێت: زۆرێک لە مرۆڤەکان بەکارێکی رابردووەوە سەرقاڵ دەبن، کە لە لایانەوە گەلێک بە بایەخەو سەر لە نوێ ئەم رابردووەش زیندوو دەکەنەوە، ئەمانەش کەسانی ئاسوودەن و شارەزاییەکی زۆریان لە کارو پیشەکەدا دەبێت و تەنانەت چێژ لە ئێستاو داهاتوو وەردەگرن.

لە رۆژگاری ئەمڕۆدا، چەقۆ و کەرەستەکانی پارچەکردن چەندین جۆریان هەیە، بەتایبەتی کۆمپانیای (هنگلز)ی ئەڵمانی کە بەناوبانگترین کۆمپانیای چەقۆیە لە جیهاندا، (24) جۆر چەقۆ لە کوالێتی بەرز بەرهەم دەهێنێت و داواکارییەکی زۆریان لەسەرە، بەڵام ئەو چەقۆیانەی کەلای مام (جەلیل)، دەست دەکەوێت تەنها (3) جۆر چەقۆیە، کەلە جۆری (ئێرانی و چینی و ئیتاڵی)، پێکهاتوون، تەنانەت هەندێک لەو چەقۆیانەی کە بە دەست و بازووەکانی خۆی دروستی دەکات، بریتین لە جۆری چەقۆی (مخەمەر) کە لە کەرەستەی (مالنج)ە، کوالێتەکەی بەرز و ئەسڵە، هەرچی جۆرەکەی ترە، بۆ (سپی کار)ە کە رەنگەکەی سپی یە لەکەرەستەی (ئیتاڵی)یە، هەروەها جۆرێک لە (مشار)یش دروست دەکات، کە سەرەکەی لە ماددەی پۆڵا پێکهاتووە، وەک دیارە، هەندێک لە کۆمپانیاکان ئەمجۆرە چەقۆیانە لە لای ناوبراو دەکڕن، چونکە لە دروستکراوی کەرەستەی کوالێتی بەرزن !!

هاوکات پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە لە دوای ساڵی (2003)، هاوردەکردنی بێسنوور و کرانەوەی دەرگا بازرگانییەکان، یارمەتیدەر بوون بۆ کەمبوونەوەی ژمارەی چەخماخسازییەکان، چونکە لەئێستادا چەقۆ بەهەموو جۆرەکانییەوە لە وولاتانی (چین و تورکیا) و چەند وولاتێکی دیکە هاوردە دەکرێت، لە کاتێکدا پێشووتر ئێمە کەل و پەلەکانمان بە دەست و بازووی خۆمان دروست دەکرد.

هەرچەندە (چەخماخسازی)یش، هەنووکە یەکێکە لە نێو ئەو پیشە ترسناکانەی کە هەیە، ئەویش هەندێ جار لە ئەنجامی لەدەستدانی پەنجەکانی کەسانی بەکارهێنەر لەوکاتانەی کە بیریان لای خۆیان نامێنێت، یاخود دانانی چەقۆ لەسەر چەرخی ئامێرەکە بە شێوەیەکی ناتەندروست، بەڵام لە پاڵ ئەمەدا تا ئێستاش کەسانێک هەن کە لەو بوارەدا کار بکەن.

مام (جەلیل)،لەم بارەوە دەڵێت، چەخماخسازی، پیشەیەکە زیاتر وەرزییە، بەجۆرێک لە کاتی ئاهەنگ و فەعالییەتەکانی جەژنی قوربانی پیرۆزدا، ئیش و کارەکە زۆرتر بەدەردەکەوێت، چونکە لەو کاتانەدا هەرە زۆری قەسابەکان یان خەڵکانێکی بەرچاو دووبارە چەقۆکانیان بۆ سەر برینی ئاژەڵەکان تیژ دەکەنەوە، لەپاڵ ئەمەشدا هەندێک جار داب و نەریتی نێو کۆمەڵگە تا ئێستاش رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، کە بۆ هەندێ کەس ببێتە نەریتێک بۆ ئەوەی ئاژەڵ لە نێو ماڵەکانی خۆیاندا سەر ببرن، بەبێ ئەوەی بۆ شوێنی قەسابخانەکان بگەڕێنەوە.

جێگەی ئاماژە پێکردنە مام (جەلیل)، کەسانێکی بەرچاوی چەخماخساز لە شاری هەولێر دەناسێت و هاموشۆیان دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا، جگە لە شاری هەولێر بەڵکو لە بەشەکانی تری عێراقیش کەسانێک نزیک لە هاوپیشەکەی خۆی دەناسێت،کە بۆ مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری هەندێ جار هاموشۆیان دەکات، بەتایبەتیش لە شارەکانی بەغدا و تکریت و ئێستاش زیاتر لە نێو شاری کەرکوک.

شایەنی باسە مام (جەلیل)، جگە لەوەی کاری چەخماخسازێتی دەکات، بەڵام لە پێشووتردا چەند پیشە و کاری تری تاقیکردۆتەوە!! ئەوەتا سەردەمانێک لەگەڵ باوکیدا کاری حەمماچێتی کردووە و شەش ساڵان لەو کارەدا بەردەوام بووە، دواتر لە ساڵی (1977)ی زایینی، دەستی بە کاری (بەننایەتی) کردووە، بەجۆرێک (30) ساڵانیش لەو کارەدا بەردەوام بووە، ئینجا دواجار ناوبراو بیر لە کاری چەخماخسازێتی دەکاتەوە، تا ئێستاش هەر لەو کارەدا بەردەوامە، چونکە وەک خۆی دەیگێرێتەوە؛ هۆگری چەخماخسازێتی بووە و لێی بێزار نابێت و ناتوانێت دەست بەرداری بێت، لەبەر ئەوەی بۆتە پیشەیەکیش بۆ بژێوی ژیانی، هەروەک پێشینان گووتویانە: هەر کەسێک خاوەنی پیشەیەک بێت، وەک وایە کە بازنەیەکی ئالتوونی لەدەست دابێت.

لە پوختەی نووسینەکەمدا، خوای گەورە تەمەنی مام (جەلیل) درێژ و تەندروست ساغتر بکات، تا بەهۆیەوە بتوانێت زیاتر بە فرۆشتن و تیژکردنەوەی چەقۆ خزمەت بە خەڵکی شاری هەولێر بکات، لەپاڵیشیدا زیاتر بایەخ بەو کەلتورە رەسەنە بدات کە لەنێو شارەکەدا هەیە، هەروەها مام (جەلیل)، داوا لەلایەنی پەیوەندیدار دەکات لە رێگای فەراهەمکردنی رێنمایی تایبەت بەو پرسە، زەمینەسازی زیاتر بۆ راپەراندن و دووبارە چالاکردنەوەی ئەم پیشە رەسەنە بدەن و زیاتر پاڵپشتی بکرێن، تەنانەت کار بۆ ئەوە بکرێت کە پیشەکە لەناو نەچێت!! چونکە ئێستا بەهۆی سەرهەڵدانی پیشەی نوێوە، چەخماخسازی تارادەیەک لەحاڵی لەناوچوون دایە!!



# بۆچی کاتژمێر لە دەستی چەپ دەکرێت؟

ئامادەکردن: عەبدولسەلام هیشام

ئایا هیچ کات لەخۆتت پرسیوە بۆچی کاتژمێر لەدەستی چەپ دەکرێت؟، ئەو پرسیارە بە مێشکی هیچ کامماندا نەهاتووە!، هەمیشە وا راهاتووین لە دەستی چەپی بکەین لای زۆربەمان بووەتە کارێکی خۆ نەویستانە، لەوانەیە ئەوەشت بیستبێت کە دەڵێن پیاوان دەبێت کاتژمێر لە دەستی چەپ بکەن و ژنانیش لەدەستی راست، پێتوانەبێت ئەمانە لەخۆیانەوە هاتبن، ئەم بیرکردنەوانە هۆکارێکی مێژووییان هەیە و هەروەها روونکردنەوەی لۆژیکی و کرداریان هەیە.

تا سەرەتاکانی سەدەی ٢٠ تەنها ژنان کاتژمێریان لە دەستدا بوو، پیاوان کاتژمێری گیرفانیان بەکاردەهێنا، ساڵی ١٩٠٤ یەکەم کاتژمێری دەستی بۆ پیاوان لەلایەن لویس کارتییەوە دروستکرا، ئەلبێرتۆ دومنۆت کە لەوکاتەدا فرۆکەوان بوو داوا لە لویس کارتییەی هاورێی دەکات لە جیاتی کاتژمێری گیرفانی کاتژمێرێکی دیکەی بۆ دروست بکات چونکە لەکاتی فرۆکەوانیدا سەیرکردنی کاتژمێرەکە کێشە بۆ کۆنترۆڵکردنی فرۆکەکەی دروستدەکات.

ساڵی ١٩١٤ جەنگی یەکەمی جیهان بەرپا بوو، بایەخی کاتژمێر زۆر زیادیکرد، چونکە بۆهەماهەنگی سەربازەکان لەکاتی جموجۆڵدا زۆر گرنگ بوو، بەڵام ئەو کات ئەم دۆخە هاتە ئاراوە ئایا لەکاتی جەنگدا کاتژمێرەکە بکرێتە کام دەست؟ بۆ پارێزگاریکردن لە کرۆنۆمیتەرەکان واتە چرکە و خولەک ژمێرەکان و هەروەها بۆ ئەوەی سەربازەکان بتوانن کاتێک چەکیان بەدەستەوەیە سەیری کاتژمێرەکەیان بکەن، وا پێویست بوو بخرێتە ئەو دەستەوە کە کەمتر بەکاردێت ئەویش دەستی چەپە بوو.

هەروەها هۆکارێکی دیکەی ئەوەی کە کاتژمێر لە دەستی چەپ دەکرێت، زۆربەی خەڵک دەستە راستن لە نووسیندا بۆیە لە سەرەتای دروستبوونی کاتژمێر کرایە دەستی چەپەوە بۆ ئەوەی لەکاتی نووسیندا ئاستەنگی دروست نەکات بۆ کەسی نوسەر.

هەروەها کاتێک کاتژمێری دەست جەماوەری زۆری پەیداکرد بەکارهێنەران بینییان لەدەستی چەپ گونجاوترە وەک لەدەستی راست ئەمەش هۆکارێکی سادەی لە پشتەوەیە لەبەر ئەوەی تۆ زۆربەی کات دەستی زاڵت بۆ کارکرن بەکاردێنی، لەکاتی کارکردنیشدا بە ئاسانی دەتوانی سەیری کاتژمێر بکەی لەدەستی چەپدا، هەروەها ئەگەر لەدەستی چەپتدا بێت کەمتر زیانی پێدەگات، بۆیە بەهۆی ئەم هۆکارانەوە لەدەستکردنی کاتژمێر لە دەستی چەپەدا بووە نەریتێک کە تا ئەمرۆش بەردەوامە.



لە ئێستادا هەمان بیرۆکە بەسەر کاتژمێرە زیرەکانیشادا جێبەجێ دەبێت، ئاسان نییە کار بە کاتژمێری زیرەک بکەیت کە لە دەستی راستتدا بێت، تەنانەت هەندێک لە کۆمپانیاکان خۆیان پێشنیازی دەستی چەپ دەکەن ئەویش لەبەر دوو هۆکارە:

**یەکەم**: بەهۆی شێوازی دیزاینکردنییەوە.
**دووەم**: بۆئەوەی کاتژمێرەکە هەموو کارەکانی بەتەواوی بکات، بۆ نموونە خوێندەوەی لێدانەکانی دڵ، بۆ ئەوەی بە وردی ژمارەی لێدانەکانی دڵ بخوێنێتەوە پێویستە بکرێتە دەستی چەپەوە.

لەبارەی ئەوەی کە دەڵێن دەبێت ژنان کاتژمێر لە دەستی راست بکەن، ئەوەش وەڵامی مێژوویی هەیە، ساڵی ١٨٦٨ کۆمپانیای پاتک فلیپ کاتژمێری دەستی ژنانی دروستکرد کە زیاتر لە شێوەی خشڵدا بوو، ئێستاش دەبینین هەندێک جار ژنان کاتژمێر وەک ئێکسسوارات بەکاردێنن وەک لەوەی شتێکی پێویستی بێت لەبەر ئەوەش دەستی راست زۆرتر بەکاردێت و بەرچاوترە بۆیە دەیکەنە دەستی راستەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێین ئەم یاسانە هەموو کەس ناگرنەوە چونکە هەندێک لە پیاوان کاتژمێر لە دەستی راست دەکەن و ژنانیش لە دەستی چەپ، بۆیە ئەگەر تۆ کاتژمێری دەستی بەکاردێنی بریاری کۆتایی لای خۆتە و چۆن ئاسودەیت بەوشێوەیە بەکارییهێنە.

# ڕێگەپێدان بە گەنجە تازە پێگەیشتووەکان لەلایەن هونەرمەندە بە تواناکان

هەواڵ: ئاسڵی کوزەجییئۆغڵو / فۆتۆ: محەمەد ئەمین



حەربی شکور قەیاجی، کەمانچەژەنی بە توانای تورکمان و حەسەن نەجار، هونەرمەندی دەنگخۆش بوونە میوانی بەرنامەیەکی تایبەت کە لەلایەن عەلی عەنتەر لە ئاژانسی تەبا پێشکەش دەکرێت.

تەوەرەی پرۆگرامەکە لەسەر هونەری تورکمانی بوو سەبارەت بەم تەوەرەش هونەرمەندانی بە توانا بەم شێوەیە دوان.

هونەرمەند قەیاجی سەبارەت بە بەرەو پێشچوونی هونەری تورکمانی بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارێکی پێشکەشکار عەلی عەنتەری دایەوە و وتی، "لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا خەڵک وەکو سەرچاوەیەکی دارایی سەیری هونەر دەکەن و هەموویان بیر لە گیرفانیان دەکەنەوە، هەر بۆیەش هیچ بەرەو پێشچوونێک لە هونەری تورکمانیدا بەدی ناکرێت، هونەرمەندی دەنگ خۆش نەجار سەبارەت بە هەمان پرسیار وتی، "منیش لەگەڵ وتەکانی قەیاجی هاورام و شیعر و قۆریاتمان زۆر ئاسان بووە، هونەری تورکمانی تام و چێژی جارانی نەماوە".

کەمانچەژەنی بە توانا قەیاجی باسی لە هونەرمەند و میوزیسیانە نوێکانی کەرکوک کرد و وتی، "میوزیک کارێکی قورسە، مرۆڤ لە ناو ١ یان ٢ ڕۆژدا فێری میوزیک نابێت، دەبێت چەندین ساڵ لەم بوارەدا کاری کردبێت خزمەتێکی باشی هەبێت لە میوزیک، ئێمە کاتێک کە خولی میوزیکی دەکەینەوە گەنجەکانمان تەنها ١ مانگ لە خولەکە بەشداری دەکەن و دواتر بێزار دەبن و جارێکی دیکە ناگەڕێنەوە"، سەبارەت بەم بابەتەش هونەرمەند نەجار وتی، "تەنها چەند هونەرمەندێکی گەنج هەن کە هەوڵ دەدەن هونەری تورکمانی بەرەو پێش ببەن، هونەرمەندانی دیکە هەوڵ بۆ بەرەو پێشبردنی هونەری تورکمانی نادەن".

کەمانچەژەنی بە توانا سەبارەت بە بەکارهێنانی ئۆرگ لە بۆنە تایبەتەکان و ئاهەنگەکاندا ئاماژەی بەوەکرد، "من پێم باش نییە کە ئۆرگ زۆر بەکاربهێنن، چونکە لە میوزیکی ڕاستەوخۆدا وەک دەزانن ئامێرەکانی کەمان، عود، کلارنێت و قانوون بەکاردێت، تەنها بە ئۆرگ ناتواندرێت جێگای ئەو ئامێری میوزیکانە پڕ بکرێتەوە، من گۆرانیبێژەکان بە تاوانبار دەزانم چونکە گۆرانیبێژەکان لەبری ئەوەی چەند میوزیکژەنێک لەگەڵ خۆیان ببەن بۆ ئاهەنگەکان هەڵدەستن تەنها ئۆرگژەنێک لەگەڵ خۆیان دەبەن و ئەو پارەیەی کە وەریشی دەگرن تەنها لەگەڵ کەسێکدا بەشی دەکەن و قەزانجێکی باشیان بۆ دەمێنێتەوە".

هونەرمەند قەیاجی تاوتوێی کارە نوێییەکانی کەرتی هونەری تورکمانی کرد و وتی، "ئەگەر بێت و دەنگ بۆ ١٠٠ گۆرانی تورکمانی بدەین لەو ١٠٠ گۆرانییە تەنها ٢ گۆرانی دەنگێکی باش بە دەست دەهێنێت و دەردەچێت، زۆربەی گۆرانیبێژە نوێیەکان میوزیکی دزراو بەکاردەهێنن، ئەگەر بێت و ورد بینەوە لە میوزیک و وتەکانی، ئەوا نارێکییەکی زۆر دەبینین لە میوزیک و هۆنراوەکەدا".

سەبارەت بە جیاوازییەکانی بۆنە و ئاهەنگە تایبەتەکانی ئەمڕۆ و ڕابردوو هونەرمەند حەربی وتی، "لە ئاهەنگە تایبەتەکانی جاراندا خەڵکی زۆر گرنگ ئامادە دەبوو، هونەرمەندە بە تواناکان دەبوونە میوان و قۆریاتە تایبەتەکانیان لەم ئاهەنگەدا دەخوێندەوە و هیچ کام لەو هونەرمەندانە بۆ پارە کاریان نەدەکرد، ئەگەر بێت و گوێ لەو قۆریاتانەی ئێستا بگرین قۆریاتەکان لە ڕووی قافییەوە تەواون بەڵام لە ڕووی واتاوە هیچ واتایەکیان نییە". لە بەرنامەکەدا هونەرمەند قەیاجی قۆریاتێکی شاعیری گەورە فەخری جەلالی خوێندەوە، لەلایەکی دیکەشەوە هونەرمەند نەجار سەبارەت بە جیاوازییەکانی بۆنە تایبەتەکان ئاماژەی بەوەکرد، "بوونی قافییە و جیناس لە قۆریاتێکدا هەموو شت نییە و ئەوان قۆریات بە تەواوەتی نازانن".

شایەنی باسە، قەیاجی بەم شێوەیە وەڵامی پرسیاری پێشکەشکاری بەرنامەکەی دایەوە سەبارەت بە پێگەیاندنی گۆرانیبێژ و میوزیکژەن، "دەرگای من هەمیشە بۆ گەنجەکان کراوەیە، دەتوانم گەنجان فێری ژەنینی کەمان و مەقام قۆریات بکەم، ئێمە خۆشمان خولمان بۆ گەنجەکانمان کردووەتەوە، هەر کەسێک کە ئارەزووی فێربوونی ئامێری کەمان یان فێربوونی مەقام و قۆریاتی هەیە دەتوانێت بێت سەردانمان بکات".

# فرۆشیارە گەڕۆکەکانی شاری هەولێر[ئەربیل] لە ڕابردوودا

نوسەر: شێرزاد شیخ محەمەد



لە دێر زەمانەوە
لە بازاڕی قهیسەری هەولێر، کەسانێک هەبوون پێیان دەوترا فرۆشیاری گەڕۆک. لەوانە هەبوو لەسەر سنی، بابەتەکانی کەلوپەلی پێویستی ڕۆژانە یاخود خواردنی دەفرۆشت، یان لەسەر عارەبانەی داری سێ تایەیی هەبوو پاقلە و شەڵغەمی دەفرۆشت یاخود سێڤن، بیبسی و فانتای دەفرۆشت.

نانەواکانیش هەر لە بانگی بەیانیەوە، لە کوچەی بەقاڵان نانی تەنووریان دەفرۆشت. هەبوو لە سەر سینی پێندرلی پیتۆ (کولیچەی بە پەنیری) دەفرۆشت. هاواری دەکرد دەیوت (یاڵڵا پێندرلی پیتۆ هات) کە نرخی دانەیەکی ١٠ فلس بوو. هەبوو کولیچەی بە گوێزی دەفرۆشت، یا لوقم کە چەندین جۆری لەخۆ گرتبوو ئەوانیش (لوقم بەشیرە، لوقمی ئاسایی، لوقمی بە گوێز و گوێزی هیند)، گەزۆ، لەوزینە و پاقڵاوەی دەفرۆشت. هەشبوو لەسەر سینی غورابییەی دەفرۆشت، بەراستی غورابیای زۆر بەتام دەفرۆشرا. هەروەها لەسەر سینی چەرەزاتەکانی وەکو (گوڵەبەڕۆژە، قەزوان ،بەدامچە، تۆ کودی، تۆ شفتی)یان دەفرۆشت.

هەروەها فرۆشیاری دیکەی گەڕۆک هەبوو لە بازاڕی قەیسەری دەسوڕا و لەناو مەنجەڵ کوبەی برنجی دەفرۆشت. مام ئیبراهیمی ڕەحمەتیش لە پێش قادرمەی قەڵات، سبەینان کوبەی برنجی زۆر بەتامی دەفرۆشت. لە پێش باتە مام حەیدەر هەبوو کە بەداملی دەفرۆشت. پیاوێکی بەژن درێژ بوو ماڵیان لە گەرەکی تەعجیل بوو، ئەم پیاوە دوو جۆرە بەداملی دەفرۆشت، یەکەمیان نەرم و ئەوەی دیکەیان ڕەق بوو. ڕەنگی سووری کراوە و ڕەنگی شین بوو. ڕەقەکان بادەمیان تیادا بوو، بە کێش دەیفرۆشت تەرازوویەکی بچووکی هەبوو. هاوکات یەکێکی دیکە لەوانە خوالێخۆشبوو مام نامیق بوو ماڵیان لە گەرەکی خانەقا بوو کە دۆندرمەی لەسەر عارەبانە دەفرۆشت، ئەم پیاوە بەیانیان بەدەستی خۆی شیر، سوحلاب و هێلی تێکەڵ دەکرد بە ئامێرێکی خۆماڵی لە دار و لولە فافۆن یا پلێت دروستکرابوو لە دەوراو پشتی لولە فافۆنەکەی بەفر و خێی دادەنا سەری ئامێرەکەی قەپات دەکرد ماوەیەک دەیسوراند تاکو دەمەیی و دەبووە دۆندرمە. پیاوێکی زۆر پاکژ بوو عارەبانەکەی زۆر بە جوانی دەڕازاندەوە، کاسەی شوشە یان باغەی هەبوو. هەروەها زۆربەی دۆندرمە فرۆشەکان لە گەرەکەکانی قەلای هەولێر، گەڕەکی خانەقا، عەرەب و تەعجیل ئەم دۆندرمە بەتامەیان دەفرۆشت کە بەشیری خۆماڵی، سوحلاب و هێل دروست دەکرا.

هەروەها پیاوێک هەبوو ناوی واحید بوو خەڵکی گەرەکی عەرەب بوو. دۆمبەڵانی کوڵای دەفرۆشت چەند سەرە دۆمبەڵان و ئاوەکەی لە قاپەکی دەکرد و لەگەڵ سەموونێک بە ٥٠ یا ٦٠ فلس بوو. هاوینانیش لە بازاڕ زۆر کەس هەبوو لە ناو پەقرەجەکی سپی ماستاوی دەفرۆشت. نرخی پەرداخی ماستاو ١٠ فلس بوو.

هەروەها لەو کاتەدا پیاوچاکێک هەبوو کە شەربەتی دەفرۆشت، زۆربەی ڕۆژەکان بەڕۆژوو دەبوو، دوو قاپی زەردی لەدەست بوو لە یەکتری دەدا ئاوازێکی خۆشی لێدەردەچوو، هاواری دەکرد دەیوت (یا کریم الله) کە شەربەتی مێووژی زۆر نایابی دەفرۆشت هەروەها لە گەڕەکەکان "لەگلەگ" فرۆش هەبوو واتە جەلاتین، خێزانی "ئاغیلە" هەبوون "لەگلەگ-یان" دروست دەکرد و کورەکەیان لە سەبەتەیەک کە بە قوماشی تەنک بە شێوەی قووچەک دروستکرابوو، لەگلەگی بە ٥ فلس دەفرۆشت و چەند ڕەنگێکی هەبوو، ئەوانیش سپی، پەمبە، زەرد، کەسکی کراوە بوون.



مام ڕمۆ کەسێکی دیکە بوو لەو فرۆشیارە گەڕۆکانە کە لە پێش مەکتەبی بۆتان لەناو جامێکی بچووک لەفەی هێلکەی دەفرۆشت لەگەڵ زەڵاتە، قوتابی لە پێش مەکتەب لەفەیان لێدەکڕی.
منداڵیش هەبوو کرێمەستی لەناو ترمز یان لە ناو فلینە دەفرۆشت، لە کۆتایی ساڵانی شەستەکان لە هەولێر دوو کارگەی کرێمەستی هەبوو. یەکێکیان ناوی کارگەی کریمەستی فەرهاد ستیک بوو، خاوەنەکەی حاجی واحید بوو. ئەم پیاوە بەرلەوەی کرێمەستی دروست بکات لە بەرامبەر مزگەوتی شێخی چۆلی کارگەی سیفۆنی هەبوو. کارگەیەکی دیکەی کرێمەستی لە بەرامبەر مزگەوتی شێخ موستەفا هەبوو. ناوی ئێباح ستیک بوو، خاوەنەکەی ئیکرەم وەهاب-ی خوالێخۆشبوو بوو، دوو جۆرە کرێمەستی دروست دەکرد یەکەمیان (خێوێی) بوو کە لە شیری خۆماڵی دروست دەکرا و ئەوەی دیکەیان زەرد، سۆر، قاوەیی، پرتەقاڵی و کەسک بوو. منداڵ هەبوون لە گەرمایی هاویندا لە کووچەکان هاواریان دەکرد دەیان وت: (یەڵڵا کرێمەستی دڵت فێنک بکە بە ئێباح ستیک)، کرێمەستی خێوێی کە لە شیری خۆماڵی دروست دەکرا نرخی ١٠ فلس بوو، ئەوی دیکە ٥ فلس بوو.

بەهاران لە گەڕەکەکان پیرە ژنی دەشتەکی کە لە گوندەکانی دەورا و پشتی هەولێر دەهاتن، دەسکە سیچماغ و پیفۆکیان دەفرۆشت، ئەویش دەسکی بە ١٠ فلس بوو منداڵ هەبوون لە گۆشەیەکی گەڕەکەکان مەنقەڵەیان دانابوو، فاتەڕەش و حلێوەیان دەفرۆشت کە نرخی شیشەکی ٥ فلس بوو، زۆر جار عەسران کەبرسی دەبووین دوو سێ شیشمان بە بێ نان دەخوارد.

لە گەرەکی عارەبان لە خوار مەزارگەی سوڵتان موزەفەر فرنی سەموونی بەردی هەبوو. خاوەنەکەی ناوی پاشا کۆرە بوو، پیاوێکی بەژن کورت بوو. سەموونەکەی زۆر بەتام بوو، ئێمە چەند برادەرێک بووین پاش ئەوەی یاری تۆپانێمان دەکرد سەموونمان دەکڕی کۆکا کۆلا یا سێڤن ئەپ-مان لەگەڵی دەخواردەوە. هەروەها شەکرۆکە فرۆش هەبوو لە ناو سەبەتەک شەکرۆکەی دەفرۆشت دەیگۆت (وەرن تەیرۆکە عەبابیلۆکەی بخۆن).

یەکێکی دیکە لەو کاسبکارانەی کە لەناو گەڕەکی عارەبان لە نزیک تەکیەی شێخ مەحیەددین دوکانی مام حەمەدێی هەبوو، پێیان دەوت داک مردی، پیاوێکی زۆر تورە بوو، ڕوون، شەکر، چایە، خێ، لەیمون دوزی و کەلوپەلی خوێندن وەکو دەفتەر و قەڵەمی تیادا دەفرۆشت و بەیانیان ماستی دەفرۆشت بە چارێک و نیو کیلۆ. هەروەها بە بوتڵ نەفتی دەفرۆشت هاوینانیش بەفری دەفرۆشت. ئەوەش قەد لە یادمان ناچێت کە لە مەکتەب دەگەڕاینەوە لوقم و کێکی عەینەک یا پسکویتی شەمائلمان لێی دەکری. لوقممان لە نێوان دوو پسکویت دادەنا و دەمانخوارد، ئێستاش تامی ئەم لوقمەی لە دەمماندایە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ڕۆیی ژیانی ئاسایی تامی نەما ئەو ژیانە خۆشەی پێشان بۆ کوێ چوو کە ئێواران خواردن لە سەربان لەژێر ڕۆشنایی فانووس دەخورا و دواتر کۆلارەمان دەفڕاند. ئەستێرە گەشەکانی ئاسمان بەرەو ڕوومان پێدەکەنی. سەربان لەو کاتەی هەوایەکی ساف و سروشتی هەبوو. شەوان نوستنێکی ئارام بەخش. لە سەروو هەموو ئەمانە دڵەکان بەختەوەر بوو، هەستت بە خۆشی ژیان دەکرد و دڵت خۆش بوو چونکە باوک و دایکانمان قەناعەتیان هەبوو. ڕۆیی ئەو سەردەمە ئێستاش ڕۆژی گاوان و شوانانە سەردەمی خەم و خەفەت و نەخۆشی نەهامەتی و قوڕ بەسەریە نە دەوڵەمەند لە ژیانی خۆی ڕازیە نە هەژار نەخۆشییەکانی وەکو زەخت، سوکەری و کلیە و پرۆستات و دڵ و جەڵتە و سەرسووران بەرۆکی مرۆڤ بەرنادات.



# هونەرمەندە سەرکەوتوو و بە تواناکان ڕەنگێکی جیاوازیان بە تەبا ئێف ئێم بەخشی

## شۆهرەت مەمەدۆف: گۆرانییەکانم بۆ جیهانی تورکی والایە

شۆهرەت مەمەدۆف، هونەرمەندی بە ناوبانگی ئازەربایجانی بووە میوانی بەرنامەی ئێیلانجە مۆدو کە لەلایەن گەیلان بەقاڵەوە لە تەبا ئێف ئێم پێشکەش دەکرێت.

هونەرمەندی دەنگ خۆش مەمەدۆف بە گۆرانی "ئۆپتوم نەفەسیندان" هەمیشە لە یەکەمەکانی لیستی میوزیکدایە و بە وتە جوانەکانی بیسەرانی دڵخۆش کرد.

هونەرمەندی ئازەربایجانی مەمەدۆف سەبارەت بە چیرۆکی گۆرانییەکەی وتی، "لە ڕۆژی لە دایک بوونمدا هۆنراوەی گۆرانییەکەم نووسی، دوای چەند مانگێکیش هۆنراوەکەم کردە گۆرانی، بەڵام ئەو گۆرانییە ژیانی منی زۆر گۆڕی".

هاوکات مەمەدۆف سەبارەت بە گۆرانییەکەی ئاماژەی بەوەشکرد، "گۆرانیەکەم لە زۆربەی وڵاتاندا وترایەوە، هونەرمەندی بە ناوبانگی تورکیا مستەفا جەجەلی زۆر گۆرانییەکەی بەدڵ بوو و هاتە ستۆدیۆ و لەوێ مۆڵەتی لێوەرگرتم بۆ ئەوەی گۆرانییەکەی من بڵێتەوە، منیش بە خۆشحاڵییەوە ئەو داوایەی جەجەلیم قبووڵ کرد، من ئامادەم گۆرانیەکانم بدەم بە هونەرمەندانی تورک بەڵام پێمخۆشە کاتێک کە گۆرانییەکە دچڕێتەوە ئاماژە بە خاوەنی گۆرانییەکە بکرێت، ئەگەر ناوی خاوەنی گۆرانییەکە نەنوسرێت ئەوە بەرای من بێ ڕێزییە بەرامبەر هونەرمەندەکە دەکرێت، من پێمخۆش نییە هونەرمەندانی دیکە بێ مۆڵەت گۆرانییەکانی من بچڕنەوە".



شایەنی باسە مەمەدۆف هەواڵێکی خۆشی بە گوێگرانی ڕاگەیاند و وتی، " بەم نزیکانە بە تورکی ئازەری لەگەڵ مستەفا جەجەلی بە یەکەوە دوێتێک بڵاودەکەینەو کە ئاواز و هۆنراوەی گۆرانییەکە لەلایەن خۆمەوە داندراوە".

ئامادەکردن: ئاسلی کوزەجی ئۆغلو

## عەبوود ئیلهام بووە میوانی تەبا ئێف ئێم


هونەرمەندی ناوداری تورکمان عەبوود ئیلهام، بووە میوانی بەرنامەی بورام بورام تورکمانئێلی کە لەلایەن ئیسرا قەساب ئوغڵو لە **تەبا ئێف ئێم** پێشکەش دەکرێت.



هونەرمەندی دەنگخۆش ئیلهام سەبارەت بە دەستپێکی ژیانی هونەری و پرۆژەکانی وتی، "من لە ڕێبازی باپیرمەوە دەستم بە میوزیک کرد، ماوەیێکە بەرهەمە کۆنەکان زۆر سەرنجی من بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، لە ئێستادا خولیای خۆم داوەتە نوێکردنەوەی ئەو بەرهەمە کۆنانە".

شایەنی باسە ئیلهام ڕەزامەندی لە بارەی پێگەی هونەری تورکمانییەوە دەربڕی و سەبارەت بە کارە هونەرییە نوێیەکەی بۆ تەبا ئێف ئێم دوا.

## سێیەمین بەرهەمم لەوانەیە بۆ مانگی ئایار بڵاوبکەمەوە



هونەرمەندی بە توانای تورکیا گیزەم بووە میوانی بەرنامەی ئێیلانجە مۆدو کە لەلایەن گەیلان بەقاڵەوە لە تەبا ئێف ئێم پێکەش دەکرێت، گیزەم بە گۆرانی "تابوو" نازناوێکی زۆری بۆ خۆی پەیدا کرد.

گیزەم لە بارەی دوورکەوتنەوەی لە کەرتی میوزیک وتی، "زۆر پەشیمانم کە لە کەرتی میوزیک دوورکەوتمەوە، من بۆیە گۆرانی تابوو-م هەڵبژار چونکە هەستم کرد گۆرانییەکە زۆر لەگەڵ کەسایەتی من دەگونجا، زۆر بە دڵخۆشییەوە گۆرانی و کلیپی گۆرانییکەشم تۆمارکرد".

شایەنی باسە هونەرمەند گیزەم سەبارەت بە کارە نوێکەی ئاماژەی بەوەکرد، "من دەمەوێت لە مانگی ئایاردا کارە نوێیەکەم بڵاوبکەمەوە".

## دالکران باسی لە تەبا ئێف ئێم کرد



هونەرمەندی تورک سێڤجان داڵکران، لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدا بەشداری لە بەرنامەی ئێیلانجە مۆدو کرد، ئەو هونەرمەندە لە چەند هەفتەیەکی ڕابردوودا نوێترین بەرهەمی بە ناوی (کاڵبین جاهیل)ـی بڵاوکردەوە، بەو گۆرانییەی توانی بگاتە ریزبەندیی یەکەمەکانی لیستی میوزیک، هەروەها داڵکران لە ساڵی ٢٠٠٦دا بەشداری لە بەرنامەی پۆپ ستار کرد و پلەی دووەمی لە بەرنامەکەدا بەدەستهێنا.

شایەنی باسە هونەرمەندی ڕوح سوک داڵکران وەک باک ڤۆکاڵ لە بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنی (ئێڤلەنجەکسەن گەل) کە لەلایەن هونەرمەندی ناوداری تورکیا سەدا سەیان پێکەش دەکرا کاری کردووە، هونەرمەندی ناوبرا و بەم نزیکانە لەگەڵ هونەرمەندی دەنگخۆشی ئازەربایجان ئوزەیری مەهدیزادە دوێتێک بڵاودەکەنەوە.

## "بەهیچ شێوەیەک لەو بابەتەدا کەسێکی سادە نابم"



نیگار موحەڕڕەم، هونەرمەندی بەناوبانگی ئازەربایجانی بووە میوانی بەرنامەی ئێیلانجە مۆدو کە لە تەبا ئێف ئێم پەخش دەکرێت و لە بەرنامەکەدا لەسەر چەند بابەتێکی گرنگ دوا.

هونەرمەندی بە توانا موحەڕڕەم لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی ڕاستەوخۆ بەشداری لە بەرنامەی ئێیلانجە مۆدو کرد کە لەلایەن گەیلان بەقاڵەوە لە تەبا ئێف ئێم پێشکەش دەکرێت، بەقاڵ لە بەرنامەکەدا سەبارەت بە کەرتی میوزیک ویستی ڕاو سەرنجی موحەڕڕەم وەربگرێت، بەڵام لێدوانەکانی ناوبراو، دەکرێت ببێتە هۆی توڕەکردنی هونەرمەندانی دیکەی ئازەربایجان.

هاوکات موحەڕڕەم سەبارەت بە کەرتی میوزیک وتی، "من هەرگیز سەبارەت بەم بابەتە سادە نابم، من خاوەن کەسایەتییەکی کوالێتی بەرزم، ئەگەر لە کوالێتی گۆرانییەک دڵنیا نەبم ئەوە هەرگیز کار بۆ ئەو گۆرانییە ناکەم، من بە زمانی ئازەری چەندین گۆرانیم دروست کردووە و لە لیستی میوزیکی ئازەربایجان و تورکیا لە ریزبەندی یەکەمەکان بووم، هونەرمەندانی دیکە وا خەریکە تازە بە ناوبانگ دەبن من پێش ئەوانیش بوونم هەبوو".

شایەنی باسە هونەرمەندی ڕوح سوک نیگار موحەڕڕەم-ی تەمەن ٣٦ ساڵ جەختی لەوە کردەوە کە ئەو هەڵگری ئاڵای ئازەربایجانە سەبارەت بەم بابەتەش ئاماژەی بەوەکرد، "من ڕێز لە بیسەرانی خۆم دەگرم و لەو بروایەدام کە دەبێت کاری زۆر باش و بە کوالێتی پێشکەش بە گوێگرەکانم بکەم، من سەیری ئەوە ناکەم کە بەرهەمێکم لەلایەن چەند کەسێکەوە گوێی لێگیراوە، بەڵکو گرنگ بۆ من کوالێتی کارەکەیە نەک ژمارەی گوێلێگرتن لە کارەکەم".

وردەکاری لە نووسین: عەبدولسەلام هیشام/حوسێن خەتیبئۆغلو
خاوەنی ئیمتیاز: تەبا
دیزاین: محەمەد ئەمین ئیبراهیم/عەبدوڵا ئەحمەد
سەرنووسەر: محەمەد فەرید ئەربیلئوغلۆ
ناونیشان: شەقامی ٣٠م/ بەرامبەر هوتێلی نێودەوڵەتی هەولێر
بۆ پەیوەندی: ١١ ١٠ ٢٦١ ٠٧٥٠
١١ ١٠ ٣٤٣ ٠٧٧٣

تێبینی بابەتەکانی گۆشەی بیروڕای هەفتەنامەی تەبا، گوزارشت لە بیروڕای خودی نووسەر دەکات